Journal of *Zankoy* Sulaimani No: 4 Year: 2000

# گەشەكردنی سیستێمەكانی دەنگ و ووشە لە كن زارۆكان

د. سەروەت محەمەد ئەمین
كۆلێجی هونەر- زانكۆی سلێمانی

**سەرتل:**

یەكەمین هاتنەگۆ و گوتەی راستەقینەی منداڵ، پاش تەمەنی یەك ساڵیبەدەردەكەوێت. هەڵبەت ئەمەش ئاكامی هەوڵدان و ڕاهێنانێكی بەردەوام و چڕو پڕ و پرۆسێسێكی دوور و درێژە، كە هەر لە یەكەم ساتی لەدایكبوونەوە دەستپێدەكات.

ئەم پرۆسێسە بە چوار قۆناغدا دەڕوات و لە چوار شێوازدا خۆ دەنوێنێت:

١- قیژە و هاوار و كڕووزاندنەوە
٢- گڕ و گاڵ
٣- لاساییكردنەوەی دەنگەكان
٤- قسە و گوتەی ڕوون و تێگەیشتوو

لە قۆناغی یەكەم و دووهەمدا، مەسەلە، كاردانەوەیەكی بیستنی دەنگەكانە.

ماوەیەكی دوور و درێژ، دەنگ و قیژەكە، شتێك نییە لە دەربڕینی هەست و نەستی پەنگەوە خواردووی منداڵ زێتر، تا لەو ڕێگەیەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت.

منداڵ كاتێك هاواری لێهەڵدەستێت، كە برسی بێت، تەڕبێت، ماندوو بێت، یاخود ئازاری هەبێت. لە چوارهەمین مانگی تەمەنییەوە، دەكەوێتە گڕوگاڵ. مەبەستەكانی بە مەنەلۆژی درێژ دەردەبڕێت، كە گشت دەنگەكانی تێدا تێكەڵە. هەتا دەنگی ئەوتۆش، كە لە زمانەكانی دەوروبەریشیدا نیین، یاخود هەر بەشێك نیین لە فۆنۆلۆژیی هیچ زمانێك، بەڵكە بەشێكن لە سیستەمێك، كە دوور نییە بە زگماك فێری نەبووبێت. بڕێكجار تەنها قرتاندنی چەند شەپۆلێكی جوداوازی دەنگن.

سەرەتا ناتوانرێت بەتەواوی دەستنیشانی ئەو دەنگە سەیرانە بكرێت و سنووریان دیاریی بكرێت، تەنها / ئیهیʼ/، / ئویʼ /، / ئا /، / ئۆیا / دەبیسترێن، لێ پاش دەمێكیكورت، هاوارەكە سیمای خۆی لێدەنیشێت و دەتوانرێت دەنگەكان بناسرێنەوە.

چەند حەوتوویەك دواتر، دەتوانرێت جوداوازیی لە نێوان دەنگی گریان و نووزەی برسێتی و قیژەی تەڕێتی وهاواری ئازاردا بكرێت.

**ناسینەوەی دەنگەکان:**

گەر تا ئەو دەمەی تەمەن، دەنگەکانی گریان و کرووزاندنەوە، زێتر تەنها ڤۆکالەکان بوون، ئیدی لەوەدوا هێدی هێدی کۆنسۆنانتەکانیش سەرهەڵدەدەن.

یەکەمین دەنگی کۆنسۆنانتی ئاشکرا، بە / م m / و پەیوەستەکانی نێودەبڕێن، وەکو / ئام am /، / ما ma /. پاشان هەمووی دەبێتە / ئێر err /، وەکو / ئوێرە orre/، / ئارا arra /، / ئوێر or/، / رویٚ ro /.

ئەمە مانای وایە، منداڵ، یەکەمین جار دەنگە لێوییەکان، ئەوجا ددانییەکان، پاشان گشت دەنگەکانی دی فێردەبێت. یەکێك لە یەکەمین کۆنسۆنانتەکانی کە منداڵ گوێی دەکات، دەنگە گوتورالەکانن، واتە ئەودەنگانەی لە قوڕگدا، لە نێوان کۆتایی زمان و بنیمەڵاشوودا دروست دەبن، وەکو / گ g/، / غ gh/.

Jakobson۱۹٤۱، لەو تیۆرییەیدا کە بە تیۆرییەکی دەستپێشخەرانە دادەنرێت، دەربارەی فێربوونی فۆنۆلۆژی لەلایەن منداڵانەوە، دەڵێت: " منداڵ فۆنۆلۆژی لە دژەکانەوە ، یاخود لە فۆنێمە بەرامبەرەکانەوە فێردەبێت. لە گرۆگاڵیدا ئەو فۆنێمە بەرامبەرانە هەڵدەبژێرێت کە لە زمانی گەورەکاندا هەن، بەڵام ئەوانی دی بە پێچەوانەوە، خەفەدەکات ". لیٚ تیۆری دیکە هەن کە جۆرێکی دی لە مەسەلەکە دەڕوانن. پێیانوایە کە منداڵان تەنها ئەودەمە دەتوانن دژ و بەرامبەر فێربن، کە لایەنی کەم سێ دەنگ فێربووبن وپێیانبناسرێتەوە و بە ڕاستی پێیانگۆبکرێن.

دژ و بەرامبەر وا دەسەپێنێت کە دەنگی x , y ئەو کاتە سیمای دژ وبەرامبەریان لێدەنیشێت کە کەمترین مەرجی دژایەتی و بەرامبەرییان ڕەنگپێدایەوە، ئەودەمەی لە شێوازی xy , yz دا بەدەردەکەون. یانی پاش ئەوەی بەشێکی زۆری دەنگەکان دەناسن و فێریاندەبن، ئەودەم دەتوانن دژ و بەرامبەریش فێربن.

سەیر ئەوەیە کە تیۆرییە کۆنەکان، لایەنێکی گرنگ فەرامۆش دەکەن، ئەویش ئەوە یە کە پێماننالێن بۆچ بڕێك دەنگ لە قۆناغی گرۆگاڵدا سەرهەڵدەدەن، کەچی پاش ماوەیەك گوم دەبن و دواتر سەرهەڵدەدەنەوە. دیاردە یەکە بۆ تیۆرییەکانی فێربوونی زمان، سە یرە و سەرسوڕهێنەر.

هەندەك لەو دەنگانەی کە هەر زوو، بە دووسیٚ مانگی فێردەبن و گوێیان دەکەن، سەردەمێك دیارنامێنن و درەنگتر سەرهەڵدەدەنەوە.

ڕەنگە کۆنسۆنانتە ڤێرالەکان، ئەوانەی بە دواوەی زمان و بنی مەڵاشوو دروست دەبن، هەروەها ڤۆکالە بەرزەکانی پشتەوە ، بەرێکەوت بەشێك بن لە بەرهەمی لاوەکی میکانیزمی خۆرسکی مەمکمژین و کرووزاندنەوەی ئەو چەند مانگەی سەرەتای لەدایکبوون، کە بەجوانی گۆدەکرێن، هەرچەندە هەست و نەستی منداڵ هێشتا بەو ڕادە یە نەپشکووتووە و گە شە و نەشونمای نەکردووە و پێنەگە یشتووە، کە بتوانێت جێگەیان لە ریز و رست و پلە و پایەی سەرجەم دەنگەکاندا بقرسێنێت و سەقامگیریان بکات.

بۆیە واپێویست دەکات، ئەو دەنگانە پاشان جارێکی دی فێرببنەوە، کاتێك هەستی زێتر گەشە دەکات و توانای فێربوونی بالاًتر و چاکتردەبێت و پێشتردەکەوێت.

بەهەرحاڵ، گۆکردنی دەنگی / ك k / بەر لە دەنگی / و u /، مەسەلەیەکە شیکردنەوە و بڕیاردان دەربارەی هەروا سادە و ساکار نییە.

## قۆناغی دووبڕگەیی:

پاش یەك ساڵ تەمەن، قۆناغێکی نویَ دەستپێدەکات و ڕستی دەنگەکانی ﴿ماما mama ، ﴿پاپا papa﴾، ﴿بابا baba﴾، ﴿دادا dada﴾.... هتد، جێگە بە قۆناغی گڕوگاڵ لەقدەکات و شوێنی دەگرێتەوە. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەر لەوەی ڕستی ئەو دە نگانە پەیدابن و دەرکەون، گەلەکجار بۆ مەودا و ماوە یەکی کورت خایان، یاخود تارادەیەك درێژخایان، منداڵ لە قسە دەچێتەوە و متەق ناکات.

## قۆناغی قسەکردن:

ئەوجا سەردەم و قۆناغی قسەکردنی ڕاستەقینە سەرهەڵدەدات.

بۆچ قۆناغی قسەکردن بە زنجیرەی دە نگەکانی / پا pa /،/ ما ma /، / دا da / دەستپێدەکات؟

هەڵبەت ئەوە هۆکاری گۆکردنی خۆی هەیە:

دەنگی / ئا a / ڤۆکالێکە بۆ گـۆکردنی دەبێت هێندەی لەتوانادایە دە م بکرێتەوە. دەنگی / پ p / ش کۆنسۆنانتێکی لێویی تەقاوە یە، دەبێت بۆ گـۆکردنی، هێندەی لە توانادایە، دە م داخرێت ، ئەمەش یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی دژ و بەرابەر، کە ئەوپەڕی کردنەوە و ئەوپەڕی داخستن، ڕەنگپێدەدە نەوە. هەمانکات جوداوازیی نێوان کۆنسۆنانت و ڤۆکال، بەزەقیی دەردەخات.

هەروەها یەکەم جوداوازیی و کەرتبوونی کۆنسۆنانتەکانیش، هێما و نیشانەی ئەوپەڕی دژایەتی و بەرابەرییە: دەنگی / پ p / تەنها بەلێو و لە نێو دەمدا گـۆ دەکرێت، یانی دەنگێکی ( ئۆراڵ ) ە، لێوییە ، بەلاًم دەنگی / م m / لە لووتدا دروست دەبێت، واتە دەنگێکی ( نازاڵ ) ە، لووتییە.

یەکێك لە دەنگەکانی دی ئەم قۆناغە دەنگی / ت t / ە، ئەمەش دووهەمین کەرتبوونی کۆنسۆنانتە، کەرتبوونی ئەلفیۆلارێکی کۆتایی داخراو.

دەنگی / پ p / بەوە لە دەنگی / م m / جودادەکرێتەوە، کە خەسڵەتی ﴿ + ئۆرال ﴾ ی هەیە، بەوەش لە دەنگی / ت t / جودا دەکرێتەوە کە خەسڵەتی / + لابیال / ی هەیە.

بەو پێیە دەنگی / پ p / دوو خەسڵەتی جوداوازی هەیە ﴿ + ئۆرال ﴾، ﴿ + لێویی ﴾ یە و فۆنێمێکە لە سیستێمێکدا.

دەتوانین ڤۆکالەکانیش بەهەمانجۆر دابەشبکەین: بەرامبەر کراوەترین ڤۆکال کە / ئا a / یە، تەنگترین ڤۆکالمان هەیە کە / ئی i / یە، ئەوجا / ئو u / دێت. / ئو u / ش دەنگێکی تەسکە، بەڵام بە پێچەوانەی / ئی i / یەوە، کە تەسکە و لە پشتەوەیە، ئەم لە پێشەوەیە.

بەو پێیە دەنگی / ئو u / بەوە لە / ئا a / جودادەکرێتەوە، کە ئەم ﴿ + تەسکە ﴾، بەوە لە / ئی i / ش جودادەکرێتەوە کە ﴿ + پاشەوە ﴾ یە. کەواتە / ئا a/ خەسڵەتی ﴿ + تەنگ ﴾، ﴿ + پاشەوە ﴾ ی هەیە.

مەسەلەی پێچەوانە یی ﴿ + پێشەوە ﴾ و ﴿ + پاشەوە ﴾ لەم کۆنسۆنانتانەشدا بە روونی دەردەکەوێت. / ك k / دەنگێکی قورگیی تەقاوە یە، چونکە بە پێچەوانەی / پ p/ و / ت t / ەوە کە لە پێشەوەن ، ئەم لە کۆتایی مەڵاشوودا دروست دەبێت.

K u I

P t a

بە نیسبەت ئەو فۆنێمانەوە کە خەسڵەتی ﴿ + کپ ﴾ ، یاخود ئەوانەی ﴿ + دەنگدار ﴾ یان هەیە، سەرەتا منداڵ هەست بە جوداوازییان ناکات. گەلەکجار لە بریتی / پ p /، / ب b / و لەبریتی / ت t /، / د d / و لە بریتی / ك k /، / گ g / بەکاردەهێنێت، چونکە ئەوانە هەموو ئەلۆفۆنی فۆنێمەکانی / پ p /، / ت t /، / ك k / ن.

لێ پاش ئەوەی منداڵ چەند فۆنێمێکی کەم فێردەبێت، ئەوجا شارەزای سیستێمی فۆنێمی ئەو زمانە دەبێت و وردە وردە بەسەریدا زاڵ دەبێت. دیارە ئەو فێربوونە و چۆنیەتی بەکارهێنانی، یاسایەکی گشتیی جڵەوکێشێتی، بۆ نموونە ئەو دەنگانەی بە خشاندنی هەوا لە لێو، یاخود ددان، یاخود مەڵاشوو دروست دەکرێن، هەمیشە پاش دەنگە داخراوەکان فێردەبن. دەنگەکانی پاشەوەی

وەك / ك k / ، / گ g /، / خ x/، / ن n / ، / نگ J / ، بنەماكەیان بۆ فێربوون، دەنگەكانی پێشەوەی وەك / پ p /، / ب b / ، / م m/، / ف f / ن .

بەپێی بنەمای یاسای دژ و بەرامبەر، شیرازەی پێكهاتی ووشە لە كن مندالّ، گۆڕرانە لە كۆنسۆنانتەوە بۆ ڤۆكال و لە ڤۆكالەوە بۆ كۆنسۆنات.سەرەتا مندالّ بە ووشەی یەك بڕگەیی دەستپێدەكات كە لە كۆنسۆنانتێك و ڤۆكالێك دروست دەبێت K V، وەك / پا pa /، / ما ma/، / دا da /، ئەوجا ووشەی دووبڕگەیی فێردەبێت كە ڕستی K V K V ی هەیە، وەك / پاپا papa /، / ماما mama/، / دادا dada/. گەر بیەوێت ڕستی ووشەی K V K دابڕێژێت، پەنا بۆ یەكێك لەو دوو شیرازانە دەبات، پاشان یا ڤۆكالێكی لێدەقرتێنێت، یاخود ڤۆكالێكی دی دەخاتە سەر.

**سەرهەڵدانی یاسای ڕێكخستنی فۆنیمەكان:**

Hans Ramge لە كتێبەكەیدا( Spracherwerb) دەنووسێت گوایە، منداڵەكەی لە تەمەنی ٢٦ . ٣٤ مانگیدا زۆربەی كات پێكهاتی فۆنیمەكانی / dr/ و / tr / ی بە / gr / دەربڕیوە، هەرچەندە بە نۆزدە مانگی دە نگەكانی / br / ی لە ووشەی / brot / دا، كە بەواتای ( نان ) دێت و / dr / لە ووشەی ( / dran / ) دا، كە بەواتای ( تێیدا ) دێت و / gr / لە ووشەی ( / gro:s / ) دا، كە بە واتای گەورە دێت، دەربڕیوە.

بۆ ڕوونكردنەوەی مەبەستی ، ئەم سێ پێكهاتەی داڕشتووە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| | b | | br |
| (R1) | d | + / r / | dr |
| | g | | gr |
| (R2)a | b | + / r / | br |
| | d | + / r / | dr |
| (R3)b | / g / | + / r / | / d / |

پاش چەند حەوتوویەك دەنگەكانی / d / و / gr / بە نۆرە جێگۆڕكێیان پێدەكرا،

بۆیە دەتوانین بەم شێوازە گوزارەی لێبکەین:

(R3) / g / + / r / ---→ / d / & / gr /

ئەو فۆنێمانەی / ب b/ و / د d/ و / گ g/ کە لەسەرەوە یاسامان بۆ دانان، سێ کۆنسۆنانتی جـوداوازن. دەنگـی ددانیـی / د d/ و دەنگـی / گ g / بـەوە لـە دەنگـی لێویـی / ب b / جوداکرێنـەوە ، کە ئەمیان لە پێشی پێشەوەی دەمدا و دوانەکەی دی لە دواوەتـردا دروسـت دەبن.

ئەگـەر تەنـها جوداوازیـی گرنگـی دوو دەنـگ، خەسـڵەتەکانی ﴿ + پێشـەوە ﴾ یـاخود﴿ + پاشەوە﴾ بێت، ئەوا بۆ منداڵ شتێکی ئاساییە گەر جوداوازیی لە نێوانیاندا نەکات و وەك یەك فۆنێم حسێبیان بۆ بکات، بۆ نموونە / د d/ و / گ g / ماوە یەك لەجێی یەکدی دابنێت.

ئەم دیاردەیە لەکن منداڵانی زۆر لە میللەتان سەرهەڵدەدات و گەلەکجار جوداوازیی لە نێـوان دەنگەکانی / ت t / و / د d /، / ك k/ و / گ g / دا ناکەن.

هەڵبەت ئەو دەنگی / ر r/ ەش کە بە دوویاندا دێت هۆکارێکە بۆ وەها دیاردەیەك، کە دەنگی / د d / و / گ g / بکرێنە / گ g/، چونکە جێگەی دروستبوونی / گ g/ و / ر r/ هەردووکیان، بەشی پشتەوەی دەمە.

ڕەنگە لە تەمەنی ٢٥. ٢٦ مانگیدا، ئەو ووشانەی بڕگەکانی وەکو / فر / و / شر / ی تێدابێت، بۆ یەکەمجار گـۆ بکرێن:

/ f / + / r / ----→ / fr فر /

/ S / + / r / ----→ / Sr شر /

وەلێ پاشتر، زۆربەی کات دەبنە / گر gr /. ئەمە دەبێتە دیاردەیـەکی گشـتیی و لەحەوتـە و مانگەکانی دواتردا بەردەوام چەندبارە دەبێتەوە، گشت پێکهاتیەکی لەوبابەتە، ئاوهای لێدێت:

/ Konsonant / + / r / ------→ / gr گر /

هـەتا وای لێدێـت کـە بڕێکجـار لـە بریتـی / گـر gr / و دەنگـە نێزدیکـەکانی، پێکـهاتی دی بەکاردەهێندرێت، بۆ نموونە:

/ در dr / و / بر br / لەبریتی / کر kr /

/ بر br / لەبریتی / گر gr /

بەو پێیە گشت پێکهاتێکی کۆنسۆنانت لەگەڵ دەنگی / ر / دا، شێوای ئاڵ و گۆڕە و پێکهاتی:

/ Kons. / + / r / ------→ / gr /

نرخی فۆنۆلۆژیی خۆی لەدەست دەدات و چۆن سەریهەڵدا، ئاوهاش هێدی هێدی سەری تێدادەچێت و بەتەواوی گوم دەبێت.

/ X Kons. / + / r / ----→ / X r /

چاکتر وایە منداڵ لەو تەمەنەدا، کاتێك یاسا و ڕێسای فۆنۆلۆژیی زمانەکەی فێردەبێت، گەورەکان سەرپەرشتییان بکەن و بە ووردی سەرنجیان بدەن و هەوڵیان لەگەڵ بدەن، بناغەیەکی پتەوی توند و تۆڵ داڕێژن. ئاکامی ئەوە کارێك دەکات، کە خەسڵەتە جوداوازەکان ڕێگە بۆ دەستنیشانکردنێکی ووردیگشت دەنگەکان خۆشکەن و چاکتر بناسرێن. لە قۆناغێکدا، بۆ نموونە کاتێك / ب b/ و / م m / بەهۆی خەسڵەتی ﴿+ لووتیی﴾ ەوە، جودادەکرێنەوە،، یاخود بۆنموونە گەر / ب b/ لەگەڵ / د d/ دا بەراورد کرێت و / م m/ لەگەڵ / ن n / دا واتە گەر تەنها بە پێی شوێنی دروستبوونیان دەستنیشانکرێن ، ڕەنگە تەواو ئامانج نەپێکێت و ئەنجامەکەی لەبارو کاریگەر نەبێت.

توێژینەوەیەکی زمانەوانی دەریدەخات کە منداڵانی ئەمریکا و یاپان:

١- ئەو دەنگانەی نیشانەی ﴿+ لووتیی﴾ ، ﴿+ دەنگدار﴾ یان هەیە، وەك / ب b / و /م m / ئاسانتر هەستییێدەکەن و زووتر وەبیریان دێتەوە و خێراتر گۆیان دەکەن.

٢- ئەو دەنگانەی نیشانەی ﴿+ تیژ﴾ ، ﴿+ بەردەوامیی﴾ یان هەیە پێدەچێت بە پێی تەمەن و پایەی کاراکەی، کایەیەکی مەزن لە فێربوونی سیستەمی دەنگەکاندا ببینن دەنگەکانی وەك / تش / و / دژ / و / ف / و / ڤ / کە خەسڵەتی ﴿+ تیژ﴾ و ﴿+ بەردەوامیی﴾ یان هەیە، منداڵانی ئەمریکی و یاپانی درەنگتر و پاش گشت دەنگەکانی دی فێریان دەبن.

٣- ئەو دەنگانەی لە گشتیان دواتر و خراپتر و کەچتر فێردەبن، ﴿- تیژ﴾ نییە، بەڵکە ﴿+ بەردەوامیی﴾ و ﴿- لیَڵ﴾ یە، دەنگەکانی وەك / ژ / و / پ / ن.

خەسڵەتێکی دی کە تا ڕادەیەکی زۆر دژ و بەرابەریی دەهەژێنێت، نیشانەی ﴿+لیَڵ﴾ ە. هەر کۆنسۆنانتێك نیشانەی ﴿+ لیَڵ﴾ ی پێوەبوو، دەکەوێتە سەرکەناری دەستەی قۆکالەکان، وەکو / ب / و / گ /. ڕەنگە ئەم هۆکارە ئەو دیاردەیە ڕوونکاتەوە کە بۆچی ئەو کۆنسۆنانتانەی نیشانەی ﴿+ لیَڵ﴾ یان لەگەڵە، تا ڕادەیەك زووتر و ئاسانتر فێریاندەبن.

زێترین سەرلێشێوان لە کن ئەو منداڵانەی ئاسایی فێرە زمانی خۆیان دەبن، لە فێربوونی کۆنسۆنانتە پلوسیڤ و فریکاتیڤ ( ئەو دەنگانەن کە بە تەنگکردنەوەی دەم شەپۆلی هەواکە گل دەدرێتەوە و خشەیەك دروستدەکەن )، و سیمیڤۆکال و لیکویدەکاندایە، هەرچەندە جارجارە و دەگمەن لە دەربڕینی بەردەوامەکانیشدا ڕوودەدات.

دوور نییە هۆکاری ئەوەی کە ئاڵۆزی و سەر لێشێوان لە نێوان پلۆسیڤ و فریکاتیڤەکاندا بۆیە ڕوونادات چونکە جوداوازییەکە لە زماندا هێند گرنگە، کە ووشەی هاوجووت لێکجودادەکاتەوە. وەڵێ لە گۆکردندا ئەو جوداوازییە هێند زەق و گرنگ نییە.

جوداوازییەکان تەنها بە ( + و − ) ناکرێن، منداڵ دەبێت زۆرکات جوداوازیی دەنگەکان ئاگاداربێت و هەستیان پێبکات. پێدەچێت جوداوازیی دەنگەکان کە تەنها بە نیشانە و شوێنی گۆکردنیان دەستنیشاندەکرێن، کێشەی گەورە لە چاولێکەریی گەورەکان و چۆنیەتی دەربڕینیاندا، بسازێنن.

**سەرچاوەکان:**


1- J. Bulert: Einfuhrung in die Generativ transformation Grammatik, Muenchen, 1970

2- N. Chomsky: Aspekte der Syntax – Theorie, Frankfurt, 1969

3- H. Helmers: Zur Sprache des Kindes, 1969

4- R. Jakobson: Kindersprache, Aphasie und allgemeine Lautgesetze, Schurkamp Verlag, Frankfurt, 1969

5- R. King: Historische Linguistik und generative Grammatik, Frankfurt, 1971

6- R. Langker: Sprache und ihre Strukturen, Teubung, 1971

7- M. Lewis: Sprache Denken und Persoenlichkeit im Kindsalter, Dueseldorf, 1970

8- A. R. Lurija: Die Funktion der Sprache in der geistigen Entwicklung des Kindes, 1970

9- J. Piaget: Sprechen und Denken des Kindes, Dueseldorf, 1972

10- Clara und William Stern: Die Kindersprache, Zuerich, 1981

11- Hans Ramge: Spracherwerb, Grundzuege der Sprachentwicklung des Kindes, Max Niemayer Verlag, Tuebungen, 1973

12- J. Seale: Sprachakte, Surkamp Verlag, Frankfurt, 1971

## تطور نظام الصوت والكلمات لدى الاطفال

***الملخص:***

يبدا الطفل بالكلام بعد العام الاول من عمره. وهذه العملية قد تكون نتيجة لمحاولة وتمرين مستمرين وهى عملية طويلة تبدا من اللحظة الاولى من ولادته.

وتمر هذه العملية عبر اربع مراحل هى:

١- الصراخ والبكاء

٢- الهذرمة

٣- تقليد الاصوات

٤- الكلام الواضح والمفهوم

فعلى سبيل المثال، ان المرحلة الاولى والثانية هى رد فعللما يسمعه الطفل من الاصوات. ان الصراخ والاصوات التى يصدرها الطفل حتى مدة طويلة من عمره ماهى الا وسيلة للتعبير عن احاسيسه المكبوتة ليتمكن من خلالها اثبات وجوده.

يبكى ويصرخ الطفل عندما يشعر بالجوع او النعاس او الالم في مكان ما او عندما يكون مبللا. يبداء الطفل بالهذرمة في الشهر الرابع من عمره. ويعبر عن مطاليبه عبر مونولوجات طويلة حيث يقوم بخلط جميع الاصوات ويصدر اصواتا ليست موجودة حتى في اللغات المحيطة به او هى ليست ضمن نظام الصوتي لاية لغة بل قد تكون ضمن نظام تعلمه الطفل من الفطرة. وقد تنتج هذة الاصوات فى بعض الاحيان عن عدم اكمال الموجات الصوتية المختلفة.

لايمكن تحديد هذه الاصوات الغريبة بشكل تام في بادئ الامر، نسمع فقط هذه الاصوات / ئيهى /، / ئوى/، / ئا /، / ئويا / ولكن بعد فترة قصيرة ياخذ صراخه وبكائه سماته ويمكن تمييز الاصوات.

بعد اسابيع قليلة يمكن التميز بين اسباب البكاء وذلك من خلال اصوات البكاء اهو بسبب الجوع ام الالم ام التبلل.

التعرف على الاصوات:

اذا كان الطفل حتى تلك المرحلة يصدر اصوات العلة من خلال بكائه وصراخه فبعد فترة تظهر الاصوات الساكنة ايضا شيئا فشيئا فى الاصوات التى يلفظها.

اول الاصوات الساكنة هى / م m/ وملحقاته، مثل / أم am/، / ما ma /، ثم تتحول كل الاصوات الى / اير err/، / اوير orre/، / ارا arra/، /اوير or/، / روى ro/.

وهذا يعنى بان الطفل يتعلم الاصوات الشفوية اولا ثم الاصوات التى تلفظ بالاسنان واخيرا بقية الاصوات. ان احد الاصوات الحنجرية التى تلفظ بواسطة الحنك والجزء الخلفى من اللسان مثل / گ /g/ و / غ /gh.

مرحلة المقطعين:

بعد العام الاول من عمر الطفل تبدا مرحلة جديدة وهى تلفظ الاصوات مثل « ماما «mama»، « بابا «papa»، « بابا «baba»، « دادا «dada» وهكذا تاخذ هذه المرحلة مكان مرحلة الهذرمة. بغض النظر عن ظهور تلك الاصوات، فى كثير من الاحيان يتوقف الطفل عن النطق لفترة قصيرة وفي بعض الاحيان لفترة طويلة.

مرحلة الكلام:

وهى عبارة عن مرحلة الكلام الحقيقي.

لماذا تبدا مرحلة الكلام بهذه الاصوات / با /pa/، / ما /ma/، / دا /da/ ؟

ان صوت / ا /a/ هو احد اصوات العلة، اى عند لفظها يكون الفم مفتوحا تماما، اما صوت / ب /b/ فهو صوت ساكن شفوي انفجاري، اى عند لفظه يجب ان يكون الفم مغلقا تماما، وهذا يبين الفرق الكبير بين اصوات العلة واصوات الساكنة.

*************

## The Development of Baby`s Sound and Word Acquisition System

**Summary:**

The first real time for a baby to start speaking is after one year from his birth. This is a result of a continuous attempt and training. It is a long-term process which starts since the baby`s birth.

This process passes through four stages:
1- Crying and whining
2- Babbling
3- Imitating Sounds
4- Clear speaking

For example, during the first and second stages, it is a reaction of hearing Sounds.

For baby cries when he feels hungry, wet, sleepy or when he has a pain some where. In the fourth month of his age he starts babbling. He expresses his feelings through long monologues in which all sounds are mixed up, even he produces some sounds which do not exist in the surrounding languages, or they are not part of the phonology of any language. In fact they are part of a system which he may have learned instinctively. Sometimes the sounds he produces may result in incompleted sounds.

At the beginning differentiate between these sounds, one can hear only / oya /, / ah / , /eo / , / ihe /, but after a short time his crying begins to have its characteristics and one can differentiate between Sounds.

Some weeks later one can differentiate between sounds of crying whether it is because of hunger or being wet or having pain somewhere.

Cognition of Sounds:

If till that age, the baby produces, in his crying only the Vocals, after a period he produces the Consonants also.

The first clear consonant is known as /m/ and its affixes like /am/, /ma/, then they are changed into /err/ like /orre/, /arra/, /or/, /ro/. This means that the baby learns labial sounds first, then dentals, then the other sounds. One of the first consonants that baby pronounces is guttural sounds, sounds pronounced by the back of the tongue and the plate, like /g/, /gh/.

Tow Sylables Stage:

After the first year a new stage starts with sound sequences like [ mama], [baba], [papa], [dada].

This stage puts an end to the babling stage. As I mentioned previously, in addition to the appearance

of these sounds many times the baby stops speaking for a short period or sometimes for a long period.

**The Stage of Speaking:**

It is the stage of actuel speaking.

Why does this stage start with sound sequences like /pa/. /ma/, /da/?

Sound /a/ is one of the vocals that the mouth should be opened as wide as possible in order to be pronounced, while sound /p/ is an explosive labial consonant. In order to pronounce it the month should be closed as tight as possible. This is one of the cases of contrastive sounds in which both widely opening the mouth and closing it takes place, at the same time it shows clearly the difference between consonants and vowels.

Journal of *Zankoy* Sulaimani No: 4 Year: 2000

# هونەری لێکچواندن لە شیعرەکانی (سالم)دا

د.نەوزاد وەقاص سەعید ---- م.سەردار ئەحمەد حەسەن
بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردە
زانکۆی سەلاحەددین

## پێشەکی

*چوار فەسل لەهەر فەسلێ بەیەك دەمو والە لای (سالم)*
*بەهار ئەشكو خەزان رەنگو زستان ئاهـ و دڵ هاوین*

شاسواری شیعری کوردی عەبدولرەحمان بەگی ساحێبقرانی (سالم) لەدوای نالیـیەوە ئەسپەکەی تاو داوەو بەچوار ناڵە بەکێوی بەرزی رەوانبێژیدا هەڵگەڕاوە پێ لەشوێن پێ نەوەستاوە تاگەیشتووتە ترۆپکەی هونەرەکانی.

لەدۆڵو یالی کێوە هەزار بەهەزارە گولیلکی رەنگاو رەنگی خوازە وخوساتنو لێکچواندنو هونەرەکانی تری چنیەوەو خستوویەتە شیعرەکانیەوە هۆنراوەکانی تابلۆیەکی قەشەنگن هونەرەکانی رەوانبێژیان تیادا ترنجاوە.

سالم و شاعیرانی سەرەدەمی خۆی هەستیان بەگرنگی رەوانبێژی کردووەو زۆریان لەمزگەوتو خانەقاکان ئەم زانستەیان خوێندووە و لەشیعرەکانی خۆیاندا تەوزیفیان کردووە.

سەرەڕای ئەوە لەو سەردەمدا گەلێ کۆڕی شیعر خوێندنەوەو گفتو گۆی رەوانبێژیان بەستووە، سالم بەشیعر باسی یەکێك لەو کۆڕانەمان بۆ دەکات کەلەخانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەستراوە کەڵەشاعیرو زاناو هەوادارانی شیعر بەشداریان تیاکردووەو گفتو گۆ لەسەر هونەرەکانی رەوانبێژی لەشیعرەکاندا کراوە، دەتوانری ئەم کۆڕە بەسەرەتایەکی رەخنەی زارەکی لەئەدەبی کوردیدا دابنرێت.

سالم لەناو هونەرەکانی رەوانبێژیدا زۆر گرنگی بەلێکچواندن داوە، بەبیری تیژو خەیالی بەرزو هەستی ناسك توانیویەتی پەیوەندی شاراوەی نێوان شتەلێك دوورەکان بدۆزێتەوە، ئەو پەیوەندیانەی تەنیا شاعیری زیرەكو بیر تیژ پەیان پێ دەبات. شاعیر توانیوتی بەشی هەرە زۆری جۆرەکانی لێکچواندن بەراستەوخۆو ناراستەخۆوەوە لەشیعرەکانی بەکاربێنێ .

لێکچواندنی زۆر ناسكو جوانو وردی بەکارهێناوە مەگەر نالی شتی وای لەشیعرەکانیدا دروست کردبێ.

سالم شانازی بەم وردبیەی شیعرەکانی خۆی دەکاتو دەڵی:

رەنگینە هەموو شیعرەم وەك نەقشی تەکەلتوزین
مەزموون کەشەفکرم وەك قوللابی دروومانت.

لەراستی‌دا شیعرەکانی (سالم) لەرووی هونەری لێکچواندنەوە لەوانەیە زۆر ورد تـر بـێ وەك خۆی لەشیعرەکەدا باس دەکات.

لەهەر دێرە شیعرەێکی‌دا لەوانەیە چوار وەرز بەچاوبکەوێ. لەم لێکۆلینەوەیـەدا هـەوڵمان داوە زۆربەی هەرە زۆری جۆری لێکچواندنەکان لەشیعرەکانیدا دەست نیشان بکەین.

## سالم ورەوانبێژی

رەوانبێژی ئـەو زانستە بـەرزو بـالا دەستەیە کەبەهۆیـەوە مـرۆڤ دەتوانـی دەسـەڵاتی بەسـەر کەسانی تـردا بشکێ. لەزووەوە زانایـان گرنگیان پـێ داوەو هـەوڵیان داوە خۆیـان لـەکانیاوی ئـەم زانستە تێراو بکەن‌و بیرو هەست‌و سۆزیان بەهونەرەکانی رۆشن بکەنەوە. ( لەپاش ناسینی خودا یەکێ لەو زانستانەی کەلەهەموو زانستەکان رەوانترە فێری ببی زانستی رەوانبێژی‌یە بۆ زانینی رەوانی‌و موعجیزەی قورئانی پیرۆز، ئەم زانستە جیاوازی لەنێ‌ان قسەی باش‌و خراپ دەکات)[1] رەوانبێژی زۆر بەرز دەکاتەوەو دیخاتە ژوور گشت زانستەکانەوە. ئەم زانستە کە ئەوەندە بەرزە ( ئەو توانایەیە کەبی گەنیتە دڵی گوێگر و وەکو تۆ کاری تێ بکات وەشێوەیەکی قەبوول کراوو دەربرینێکی جوانی هـەبێ)[2] ئەو هێزەیە کەمرۆڤ چی لەدڵ‌و دەروونی‌دا هەیە بیگەینێتـە دڵـی کەسانی ترو وایان لێ بکات کەکاریان لێ بکات وەك چۆن کاری لەخۆ کردووە. هەر بۆیە (لابرۆیـر) دەڵێ رەوانبێژی نیعمەتێکی گیانی‌یە هێزێکی وامان تیا ئەبزوێنێ کە دەسەڵاتمان بەسەر خەڵکی ترا ببێ[3]. شاعیرو زانایانی کوردیش هەستیان بەبەرزی ئەم زانستە کردووە بۆیە دەبینین لەپاڵ زانستەکانی تردا رەوانبێژی عەرەبی لەمزگەوتەکان دەخوێنرا شـاعیارنی کـورد ئـەم زانسـتەیان وەردەگرت‌و بەهونەرە رەنگینەکانی شیعرەکانیان دەرازاندنەوە.

قەڵەم سەرخۆشە (سالم) بۆ تەرە دود[4]
لەتەعلیمی بەلاغەت میلی مەرکەب

قەڵـەمی مەسـت‌و سەرخۆشـە بـۆ زانسـتی رەوانبێـژی هـەروەك چـۆن کەشـتی مەسـت‌و سەرخۆشی نـاو دەریایە. شـاعیر رەوانبێـژی زۆر لەلابـەرز بـووە. چونکـە مایـەی بـەپێزکردنی شیعرەکانی‌یەتی چونکە رەوانبێژی هـەروەك لەخزمەت ئەدەبدایە. (بەلاغەکە ئـەو ئەدەبە پوختـە ئەکاو دیمەنێکی جوانتر لەقسەکانا پەیدا ئەکا)[5].

روشنبیری سەردەمی سالم زادەی مزگەوت‌و خانەقاکان بووە بۆیە ئەم شوێنانە هەردەم جێگەی شاعیرو زاناو روشنبیران بـووە. گـەلێ کـۆڕو کۆبوونـەوە لـەم شـوێنانە بەسـتراوەو شـەڕە شیعرو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن کراوە. شیعرەکان خراونەتە ژێر تیشکی زانستی رەوانبێژی وگفت‌و گۆیان لەسەر کراوە لەیەکێ لەو کۆڕانەدا (سالم) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

لەعەوصەی ئەوجی عەشقت بازی دل هەڵسا لەدەورانا
بەبەرقی پڕ تەوی حوسنت پەری سووتا لە طه یرانا
لەرۆژی ئیمتحانا دیم بەرابەر طالب‌و مەعشووق
کەمەر بەستەی هونەر هاتن لەتیپی عیشق بازانا
لەیەك لا" نالی‌و مثوی" لەلایێ(سالم‌و کوردی"
لەهەنگامەی هونەر گەرمی تکا جۆ بوون لە"مەولانا"
لەمەیدانی بەلاغەتدا بەسواری مەرکەبی مضمون

بوکوردی هەریەکە کازی سواریّ بوون لە(بابا)نا
کە" نالی" تەوسەنی تەبعی بەتەرزی گەرم جەستەن بوو
بەچەوگانی خیرەو گۆی دانش دەرکرد لەمەیدانا
کەرەختی تەبعی رامی هاتە سەر میقراضە کە ی تعلیم
رکابی پایی بۆسی"سالم"و مەشوی لەدەورانا(٦)

لێرەدا سالم وەکو شاعیرانیتر بەدێرێك باسی رەوانبێژی ناکات بەڵکو باسی کۆرێکی شیعر خوێندنەوەمان بۆ دەکات لە(مەولانا) دەبێ خانەقای مەولانا خالدی نەقشبەندی بێت. وەك باس دەکات گەلێ شاعیران شیعریان خوێندۆتەوە، شیعرەکان بەهونەرەکانی رەوانبێژی رازابوونەوە. شیعرەکان لەڕووی رەوانبێژییەوە هەڵسەنگێنراون. هەرکەسە بیرورای خۆی دەربڕیوە. شیعرەکان لەڕووی هونەرەکانی رەوانبێژییەوە وەکو کەشتی یەکی متمانە پێکراو بوون لەناو دەریای رەوانبێژیدا، شاعیران هەریەکە سوارێکی قۆشمە بوون لەمەیدانی رەوانبێژی عەرەبی لەشیعری کوردیدا. سالم باسی گەلێ شت دەکات" شیعر، شاعیر، عاشقی شیعر، گالب، ئیمتیحان، بەلاغە" ئەمانە هەمووی نیشانەی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی شیعرەکان دەگەیەنێ، کەتیایا هونەرەکانی رەوانبێژی تیایا دەستنیشان کراوە، واتە کۆڕی رەخنەسازی بووە. ئاشکرایە کە رەوانبێژی و رەخنە دوو دیوی بابەتێکن، رەوانبێژی لەژێر باڵی رەخنەدا سەری هەڵداوە." پەیوەندی رەوانبێژ(بەلاغە) بەرەخنە سازییەوە لەرووی بابەتو مەبەستەوە زۆر پتەوو بەتینە چونکە رەوانبێژی بەهەرسێ زانستەکەیەوە زانستی واتاناسینو زانستی روونبێژی و زانستی جوانکاری بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی رەخنەسازی"(٧) زۆر لەشاعیرانی کورد بەدێرێك یا چەند دێرێك باسی رەوانبێژییان کردوە و لایەنی رەخنە سازیان دەرخستووە .(لەو هەستیارانەی بەچەشنێکی هەڵکەوتوو کارەکەیان ئەنجام دابێتو هونەرمەندانە لەسەر دەستیاندا پێوانەی رەخنە سازی رەنگی دابێتەوە(نالیو سالمو کوردیو حاجی قادری کۆیی)(٨) بەڵام ئەوەی(سالم) کردوویەتی لەرووی رەوانبێژییەوە لەشیعری گشت شاعیرەکان گرنگترە چونکە باسی شوێنی کۆڕەکەو گفتوگۆو شاعیرانو زاناو شیعر دۆستانو هەڵسەنگاندنی بابەتەکان دەکات." مێژوو نووسەکانی ئەم چالاکییە ئادەمیزادیانە لەبەر تیشکی ئەو راستییەدا بیروڕایان وایە کە رەخنەسازی لەگەڵ لەدایك بوونی هۆنراوەدا دێتە کایەوەو یەکەم رەخنەساز پاش گوێگرتن یاخود خوێندنەوەی بەرهەمی یەکەم هەستیار دەبێ تێبینیە رەخنەسازیەکان دەچەسپێنێو بەردی بناغەی سامانی نەتەوایەتی لەم کۆڕەدا بنیات دەنێ"(٩) جێگەی داخە کە ئەم کۆڕو گفتوگۆیانە نەنووسراونەتەوە یا ئەگەر نووسرابنەوەش لەفەوتان رزگاریان نەبووەو چەنگ خوێنەران نەکەوتوون، بەڵام" نەبوونی سەرچاوەی رەخنەسازی دێرینی کوردی لەبەر دەستماندا بەهیچ کلۆجێك ئەوە ناگەیەنێ کە رەخنەسازی کوردی نەبووە"(١٠) بۆیە دەتوانین بڵێین چۆن گفتوگۆکانی بازاڕی(عوکازو مەربەد) کەدەماو دەم گێڕدراونەتەوە. بوونەتە سەرەتایەك بۆ رەخنە سازی عەرەبی، مزگەوتو خانەقاکانی کوردیش شوێنی دروست بوونی بنەماکانی رەخنەسازی کوردییە. سالم دەیسەلمێنێ کە ئەم کۆڕو کۆبوونەوانە جێگەی گفتوگۆو بڕیار دان بووە لەسەر شیعر. وەخانەقای مەولانا خالید یەکێك بووە لەو شوێنانە کەرەخنەی ئەدەبی کوردی تیایا چەکەرەی کردووە.(سالم) وەك لەشیعرەکانیدا دیارە گەلێ هونەری رەوانبێژی بەکارهێناوە وەدەست رەنگی خۆی تیایانا نواندووە. وە دەتوانین بڵێن(سالم) لەشارەزاییەوە هونەرەکانی رەوانبێژی لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە. وە یەکێ لەهونەرەکانی رەوانبێژی کەدەستی بەسەر زۆربەی شیعرەکانیدا گرتووە لێکچواندنە.

لیکچواندن

گوڵێکی قەشەنکی گوڵزاری نەخشینی رەوانبێژی شاعیران لەیاخەی شیعرەکانی خۆیانی دەدەن و رەونەق و جوانی و رووتی بەشیعرەکانیان دەبەخشێ. ئەم هونەرەی رەوانبێژی شاعیران لەکۆنەوە بەکاریان هێناوەو تائێستاش لەسەری بەردوامن لێکچواندن لەهەموو جۆرەکانی رەوانبێژی گرنگترە بۆ رەوانبێژو رەخنەگری کۆن و نوێ زۆر بەکارهێنانی ئەم هونەرە لەبەر ئاسانی هونەرەکە نییە چونکە لێکچواندن واسووک و ئاسان نییە. (لێکچواندن لەخواستن گرانترە چونکە خواستن تەنیا داوای رێکەوتنی مەنتقیی نێوان واتای بنچینەی و خوازەیی لێ دەکرێت. بەلام لێکچواندن سەرەرای ئەو رێکەوتنە داوای لەیەکچوونی وردی مادی نێوان هەردوو بنەمای سەرەکی لێ دەکرێت)(١١) هەر لەبەر ئەمەشە کە (ابن رشیق) هەستی بەم ئەرکە گرانەی سەر ئەستۆی شاعیر کردووە لە (العمده) دەڵێ لێکچواندن گرانترین داوایە لەسەر شاعیر) لێکچواندن پەیوەندییەکی بەراوردییە هەردوو جەمسەرەکان کۆدەکاتەوە بۆ یەکگرتنیان و هاوبەشی کردنیان لەسیفەتێك یا دۆخێك یاخود کۆمەڵی سیفەت و دۆخ. ئەم لەرووی حوکمدا ئەوەبێ لەسەر هەردووکیان یاخود لەرووی بیرەوە. ئەوەی ئەم دوو جەمسەرە بەیەکەوە دەبەستێتەوە مەرج نییە هەردوو لایەنەکە لەقەوارەی مادییەوە هاوبەش بن یاخود گەڵێ سیفەتی هاوبەشیان هەبێت (لێکچواندن لەوانەیە لەهەیئەتدا بێت. یاخود لەمانا هەندێ جاریش لەوێنەو سیفەتدا دەبێت. وەئیتریش لەدۆخ و رێبازدا)[١٢] ئەو لەیەکچوونەی نێوان هەر دووك ئەگەر لەسەر بنچینەی هەستی یاخود ژیری بێت ئەو پەیوەندییەی کەبەیەکیان دەبەستێتەوە لەبنچینەدا پێوەندییەکی بەراوردکارییە. پێوەندی یەك گرتن و کار لەیەك کردن نییە. (لەناو لێکچواندندا دەرچوونێکی زۆر لەواتای وشەکان روونادات بەجۆرێك کەئەم لایەنە ببێتە ئەوی تر)[١٣] دوو بنەما سەرەکی یەکەی ئەگەر لەگەڵ سیفەتیشەوە هاوبەش بن ناچنە ناویەك ویەکتر ناگرن وەهیچیان کار لەوی تر ناکات بەڵکو هەریەکە وەکو خۆی دەمێنێەوە وەمانەوەی ئەم جیاوازییەش بەهۆی ئەو زارەوە دەبێت چونکە ئەوزار وەکو بەر بەستێکە هەردوو لایەنە بەراوردکراوەکە لەیەك جیا دەکاتەوە وسیفەتە خودییە سەربەخۆکانیان دەپارێزێ ، تەنانەت ئەگەر ئەو زاریش لابرێت بەمەبەستی کورت بری یاخود رەوانی رێبازی بنچینەیی هەر دەمێنێ و هەردوو لایەنی لێکچواندنەکە هەرەیکە بەسەر بەستی دەمێنێەوە.

ئەگەر باوەڕ ئەکەی سەوگەند بەئەبروت
هیلال ئاسا خەمیدەم بۆ مەهی روون (١٤)

١- لێکچواندنی بەرەڵلا.

| لێ چوو | لەو چوو | ئەوزار | رووی لێکچووی |
|---|---|---|---|
| شاعیر (من) | هیلاك | ئاسا | خەمی (کەوانەیی) |

لێرەدا (من) یاخود شاعیر لەگەڵ هیلال دوو بنەمای سەرەکی لێکچواندن ئەم دوو بنەمایە لەرووی کەوانەییەوە بەراوردکراون.

باڵای شاعیر کەچەماوەتەوەو مانگیش کەشێوەی کەوانەیی هەیە. ئەم دوولایەنە کارلەیەك ناکەن بەڵکو بەسەربەستی دەمێنتەوە. مانگ دەقاو دەق دەبێ بەشاعیر. نەشاعیرش دەبێ بەمانگ بەڵکو هەریەکەیان پارێزگاری سیفەتی خودی خۆی دەکات. وەجیاوازیەك دەمێنێەوە لەنێوانیان ئەویش بەهۆی ئەوزارەوەیە. تەنانەت ئەگەر ئەو زارەکەش نەبێت وەك لەلێکچواندی دووەمدا.

٢- لێکچواندنی ڕەوان: مەهی ڕووت.

| لێ چوو | لەوچوو | ئەوزار | ڕووی لێکچوون |
|---|---|---|---|
| ڕوو | مەه. | | |

لێرەدا هەر چەندە مانگو ڕووی یار لەوانەیە لەخرێ. یاخود پڕشنگداری لەیەک بچن بەڵام نەمانگ دەبێ بە (ڕوو) وونە (ڕوو) دەبێ بەمانگ هەر چەندە ئەوزاریش نیە لەنێوانیانی لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لەنێوانیان هەیە وە هەریەکەیان سەربەستی خۆی پاراستووە. (جاحظ) دەڵێ: (لێکچواندن سنووری نێوان شتەکان یاخود بووتە وەرەکان لەناو نابات بەڵکو جیساوازیو لەیەک بوونەوەیان دەپارێزی)[١٥]

جەوری یارم وەکو فیرعەونی ڕەقیب
تۆ لە پالووی ئەوا هامانی [١٦]

لێرەدا یار هەر چەندە زالمیش بێ بەڵام هەرگیز وەکو فیرعەونی نابێ واتە سنووری نێوان یارو فیرعەون نابە زیو هەر دەمێنی، ڕەقیب وهامانیش هەرگیز وەکو یەک نابن دەقاو دەق بەڵکو جیاوازیەك هەر لەنێوانیان دەبێ.

ئەو دووشتەی کەلێکچواندن لەنێوانیان دروست دەکرێت دەبێ لەهەندێ لایەن لەیەک بچن وە لەهەندێ لایەن جیاوازبن چونکە ئەگەر لەهەموو لایەنێکەوە یەک بن ئەوا دەبن بەیك شت. (ئەگەر هاتوو دووشتەکە لەگشت ڕووێکەوە لەیەک چوون وەهیچ جیاوازی لەنێوانیان ڕووی نەدا ئەوسا دووشتەکە یەك دەگرن ودەبن بەیەك)[١٧] (ابو هلال العسكرى)یش ئاماژە بۆ ئەم مەرجە دەکاو دەڵێ (نابێ شتێك بەشێك بچووێنرێ لەگشت ڕووێکەوە یەك بن ئەگەر شتێك لە گشت ڕووێکەوە بەشتێك بچێ ئەوسا شتەکە دەبێتە هەمان شت)[١٨] ئەو دوو شتەی کەبەیەك دەچوێنرێ دەبێ سیفەتی هاوبەشو جیاوازیشیان هەبێت. زانایانی ڕەوانبێژی لەپێشان بڕوایان وابوو دوو بنەمای سەرکی تاسیفەتی هاوبەشیان زیاتر بێ ولەیەك نزیکتر بێ لێکچواندنەکە باشترە( (باشترین لێکچواندن ئەوەیە لەنێوان دوو شتا بێ سیفەتی هاوبەشیان زیاتربێ لەسیفەتی جیا بۆ ئەوەی لەکیان نزیك خاتەوە بۆ باری یەك گرتن)[١٩].

نارنجی زولەیخایە گۆی چاهی زەنەخدانت
تەوقی ملی شیرینە پاوانەو خەلخالق[٢٢]

لێرەدا لەنێو دیری دووەمدا لێکچواندن لەنێوان پاوانەو خەلخال لەگەڵ تەوقی ملی شیرین کراوە. دوو بنەماکە زۆر لەیەکەوە نزیکن چ پاوانە چ خەلخال. شێوەیان بازنەییە لەزەڕ یازیو دروست کراون بۆ جوانی لەبەر دەکرێن تەوق شێوەی کەوانەییە لەژێر لەزیو دروست دەکرێ بۆ جوانی لەمل دەکرێ..واتە بنەماکان لەگەلیك لایەنەوە لەیەك دەچن ونزیکن لەیەك (باشترین لێکچواندن ئەوەیە یەکێ لەشتەکان بەوی تربچێت لەزۆرترین سیفاتو ماناکانی(٢١) ئەم بیروڕایە بەرە بەرە گۆڕانی بەسەردا هات و بەرەو پێچەوانەی ڕۆیشت وەبۆ ئەو پەیوەندییانە چوون کەلەنێوان شتەکاندا نا دیارن (لێکچواندن ئەگەر لەنێوان ئەو ڕەگەزانە کرا کەزۆر لەیەکەوە نزکین لێکچواندنێکی ئاسای دەردەچێ بەڵام لێکچواندنی داهێنراو دەردەچێ ئەگەر دوو ڕەگەزی لە یەك دووری کۆ کردەوە ) (٢٢)

بەحوجەت گەرلێدا سوپەر وەك قاقەزی قەندە
بەهەر چە ربی لەگەڵ لەگەڵ بازوویی ئەو حوکمی قچا پەیدا [٢٣]

لێرەدا دوولایەنی لێکچواندی کە (سوپەر) و (قاقەزی قەند)ن دوو شتی زۆر لەیەك دوورن وەهیچ پەیوەندیەیەکی ئاشکرایان نییە شاعیر دووشتی زۆر دووری لەیەك نزیك خستۆتەوە (باشترین لێکچواندن ئەوەیە دووی لەءیك دوور نزیك بکاتەوە هەتا ڕێکەوتن و هاوبەشی لەنێوانیان دروست ببێ.)[٢٤].

واله قەیدی زولفا ئاشوفتە بووم

شویهەیە کارم بە بەوەصفی ڕۆژگار [٢٥]

لێرەدا (کاری خۆی) چواندووە بە (یاری ڕۆژگار) کە دووشتی زۆر لەیەك دوورن. شاعیر بەزیرەکی خۆی توانیویەتی پەیوەندی یەك لەنێوانیان دروست بکات زیرەکی شاعیریش لەوەدایە پەیوەندی لەنێوان دووشتی جیاواز دروست بکات وەهەوڵ بدات ئەو پەیوەندیەیە شاراوانە بدۆزێتەوە بۆئەمەش پێویستی بەبیری وردو هەستی ناسك و خەیاڵی تیژ هەیە. چونکە ئەو پەیوەندییە شاراوەیەی نێوان شتە جیاوازەکان تەنیا زیرەکی لەرادەبەدەر دەیانگاتێ ئەوانەی خەیاڵ و بیرو تەسەوری بەهێزیان هەیە.

وەکو موژگانی تۆ بەرگرشتەیە تالع بەڕووی مندا

پەرێشان زولی مشکینت لەگەڵ ئەحواڵی من جووتە [٢٦]

لێرەدا شاعیر بەهەستی ناسك و بیری زۆرتیژی توانیویەتی پەیوەندی لەنێوان دووشتی زۆر لەیەك دوور (موژگان لەگەڵ تالع) دروست بکات. لەنێوە دیری دووەمین پێوەندی لەنێوان (زولفی یار لەگەڵ ئەحوالی خۆی) کەدووشتی زۆر لەیەك دورن وە خەیاڵی بەرزی شاعیرە گەیشتوتە ئەم پێوەندییە شاراوەیەی لەنێوان ئەم شتانە هەیە. عەبدول قاهیری جورجانی دەڵێ (ئەوەی شاعیری زیرەك لەغەیری خۆی جیا دەکاتەوە ئەو توانایەیە کەوای لێ دەکات سەیری دوورتر بکات کەکەسانی تر سەیری دەکەن پێوەندی وابدۆزێتەوە کە هاوسەرەدەمانی ئاوڕیان لێ نەدابێتەوە)[٢٧] چونکە شاعیر مرۆڤێکی خەیالکەرە خەیاڵیش توانایەکی بیرەکیە ئەگەر بەشێوەیەکی باش بەکار بێت خاوەنەکەی دەگاتە ئەوەی کە کەسی تر جگە لەو نەی گەیشتووتێ. ئەوسا دەتوانێ شتە جیاوازەکان ڕێك بخات پێوەندی لەنێوان شتە دوورەکان دروست بکات... لەسەردەمی کلاسیکی یەتدا لێکچواندن لەخواستن بڵاوترە چونکە لەو سەردەم دا شاعیران کەمتر بەرەو خەیاڵ دەڕۆیشتن وەزیاتر لەژێر فەرمانی عەقڵ و مەنتیق دابوون لەکاتێکا خواستن لەلای ڕۆمانسیەکان زیاتر باو بووە چونکە ئەوان خەیاڵیان سەر بەست بوو خۆی نەدەرا دەست عەقڵ و مەنتیق (هەر دەمێك جۆری ڕەوانبێژی خۆی هەیە کە تێڕوانیش گشتی ئەو بۆ ژیان پێچەوانە دەکاتەوە بۆیە شیعری کلاسیکی یەتی نوێ زیاتر لێکچواندن و ڕازاندنەوەی تیایە)[٢٨].

بۆیە لەناو شیعرەکانی (سالم)یشدا لێکچواندن ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەرازاندنەوەی شیعرەکاندا (عقاد) دەڵێ (لەلێکچواندنا ئەگەر بتەوێ باسی شتێکی سووربکەی دوای دووشت یازیاتری وەك ئەو سوور بێتیتەوە هیچیت نەکرد تەنیا ئەوەنەبێ چوار پێنج شتت هێنایەوە کەرەنگی سوور دەگەیەتن — بەڵام لێکچواندن ئەوەیە بیری وێنەیەکی روون لە دڵ و دەروونی گوێگرەکەت بنەخشێنی وەکو لە ولی خۆت نەخشاوە)[٢٩].

کەتۆ غائب دەبی تاریکە چاوم

دەڵێی نوقطە ی بەصەرمە خالی هیندووت. (٢٠)

لێرەدا دووشتی هێناوەتەوەو لێکچواندنی لەنێوان کردوون (نوقطە ی بەصەر، خالی هیندوو) هەردووکیان ڕەشی دەگەڕێن. (عقاد) دەڵێ ئەمە لێکچواندنی کاریگەرتیە چونکە تەنیا چەند

شتێکی زیاتر کردووه لەهەمان رەنگدا سالم شیعری لەم جۆرە بابەتەی زۆرنییە. بەڵکو لێکچواندنەکانی لەم جۆرەی بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

عەمزەت لەتیرە باران زولفت دڵی پەنادا

بەم رەنگە حوسنی ئەخلاق کی دی لەجنسی مارا(٣١)

ئەمەیە لێکچواندنی کاریگەر کەوا شاعیری بەبیری وردیو خەیاڵی بەرزی دروستی کردووە غەمزەی کرۆتەتیرو زولفی باری بەمار چواندووە. بەلاّم سەیرە کە زولف دلی پەناداوە نەوەك وەك تیری بەرکەوێ . ئەم رەوشتە جوانەش کەس لەرەگەزی ماری نەبینیوە شتەکان زۆر دوورن لەیەك تەنها ئەگەر پەیوەندی نهێنی لە نێوانیان هەبێ ئەگەر نا شتی جیاوازو لەیەك دوورن.

روخت بۆ موسای و دل ئاتەشی گور

دەمت بۆ حالی من عیسای مریەم (٣٢).

لێکچواندنێکی زۆر جوانو کاریگەرە چونکە لێکچواندنەکان زۆر ناسكو بەپێزن وە رەگەزەکانی زۆر لەیەك دوورن.

خەزانی رەنگی من بۆ ئایینەی رووت

خەزانم دی لەئاغوشی بەهارا (٣٣)

شاعیر رەنگی رووی وەکو رەنگی خەزان زەردە و دەڵێ بەرامبەر رووی وەك ئاوێنەی تۆ من پایزم دی لەباوەشی بەهارا واتا رووی زەردی وەك پایزی خۆم بینی لەناو رووی رەنگی تۆ کەوەکو بەهار وایە لێکچواندنێکی یەکجار بەتینە ئەوەندە جوان وکاریگەرە لەناو دڵو دەرونا نەخش دەبێ.

لەناو شیعرەکانی (سالم)دا زۆربەی جۆرەکانی لێکچواندن بەدی دەکرێ لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەم جۆرانە دەست نیشان بکەین.

### جۆرەکانی لێکچواندن لەشیعرەکانی ( سالم)دا

لێکچواندن بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەدووبەش لێکچواندنی راستەوخۆ لێکچواندنی ناراستەو خۆ.

١-لێکچواندنی راستەوخۆ:

لەم جۆرە شاعیر بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناوی بنەماکان دەبات وەلێکچواندنیان لەنێوان دا دروست دەکات.

١-لێکچواندنی ئاسایی.

ئەو لێکچواندنەیە کە لێ چووو لەوچوو بەئاشکرای هاتوون وە لێچوو کەسیفەتێکی کزی هەیە بەهۆی سیفەتی زەقو ئاشکرای لەوچوو روون دەکرێتەوە.

زوڵفی جانانە لەدەوری کەمەرا

وەك سیە ه مارە بەقەدنەیشەکەرا(٣٤)

لێرەدا بنەماکان زۆر بەئاشکرای دیارن وەڵ چووە (زولفی) یار —— (ماری رەش) کەلەوچووە روون کراوەتەوە.. لێکچواندنی ئاسا لەرووی بنەماکانەوە دەبێتە سێ جۆر.

ئەم جۆرە لێکچواندنەی کە هەر چوار بنەمای تێدا بێت پێی دەوترێ لێکچواندنی بەرەڵلا (ئەوەیە ئەوزاریش لەگەڵ بووترێ)(٣٥).

مایلە وەك سەری زولفت سەری من بۆ بەری پا(٣٦)

بەجەفا مەیخەرە لاسا صەنەما تۆبی خودا

لەم دیرە شیعرەدا هەرچوار بنەما بەئشکرای دەرکەوتووە

| لێ چوو | لەو چوو | ئەوزار | رووی لێکچوون |
|---|---|---|---|
| سەری من | سەری زولفت | وەك | مایلە |

٢- ئەو لێکچواندنەی کەسێ بنەمای تێدایە ئەمەش لەناو خۆیدا دەبێت بەدوو جۆر.

أ- لێکچواندنی جەختاو.

لەم جۆرەدا سێ بنەما هەیە (لێ چوو، لەوچوون، رووی لێکچوون) (لێکچواندنی جەختاو ئەو لێکچواندنەیە کەئەوزاری تیا لابراوە بەبیانووی ئەوەی کە لێ چوو هەروەك لەو چووە بۆیە بوونی ئەوزار سوودێکی گەورەی نییە. رەوانێژەکان بەرەواتری دادەنێن لەلێکچواندنی بەرەڵلا لەبەر ئەوەی لێ چوو تیایا وەکو لەوچوو، بەبێ ئامران)(٣٧).

قەوسی ئەبرۆو موژەت تیروکەمانە بەعمد

نیگەهت قەیدی دڵو ئافەتی جانە بەعمد(٣٧).

| لێ چوو | لەو چوو | لێکچوون |
|---|---|---|
| ئەبرۆ | کەمان | لەقوسیدا |

لێرەدا ئەبرۆی یەکەمان چواندووە لەکەوانەیدا. لێرەدا ئەوزاری بەکارنەهێناوە لێکچواندنێکی تری تێدایە ئەویش مژەی بەتیر چواندووە. لێکچواندنی رەوانە.

ب- لێکچواندنی قولە.

ئەم جۆرەش لەسەر سێ بنەما دروست دەبێت (لێ چوو، لەوچوو ئەوزار) لەم جۆرەدا رووی لێکچوون دەرناکەوێت (لێکچواندنی قولە ئەوەیە کەلێکچوونی تیا نەبێت تەنیا لەلێ چوو، لەوچوو، ئەوزار پێك هاتبێ)(٣٩).

٣- ئەو لێکچواندنانەی کە دوو بنەمایان هەیە. ئەو جۆرە لێکچواندنە پێی دەوترێ لێکچواندنی رەوان تیایا ئەوزارو رووی لێکچوون لابراوەو لێ چوو لەوچوو ماونەتەوە کورترین جۆرەکانی لێکچواندنە و لەهەموو جۆرەکان کاریگەرترە.

زەورەقە دڵ دیدەیە دەریاوەمەردووم ناخودا

جۆشی خاتر وەك شەپۆلو غەم نەهەنگ لەنگەر جەفا (٤٠).

لێرەدا کۆمەڵێك لێکچواندنی دروست کردووە کەلەلێ چوو لەوچوو پێکهاتوون.

| لێ چوو | لەوچوو |
|---|---|
| دل | زەورەق |
| دیدە | دەریا |
| مەردم | ناخودا |
| غەم | نەهەنگ |
| جەفا | لەنگەر |

ئەم لێکچواندنانە گشتیان لێکچواندنی رەوانن. لەدیدە شیعرەکەدا تەنیا یەك لێکچواندنی (قولە) هەیە (جۆشی خاتر وەك شەپول) لێکچواندنەکان جگە لەوەی رەوانن لەرووی رێزبوونیان لەناو دیرە شیعرەکەدا لێکچواندنی (بلاو)

## دابەشکردنی لێکچواندن بەپێی هەستی و ژیری

ئەمجۆرە لێکچواندنانەی کەباسمان کردن هەموویان لێچوو، لەوچوو یان تێدایە. جا ئەم دوو بنەمایە یابەریەکی لەهەستەکان دەکەون یاخود بەهیچ یەکی لە هەستەکان ناکەون تەنیا بەژیری دەیانگەیەنێ. بۆیە لێکچواندنی لەرووی هەستی و ژیرییەوە بۆ چوار جۆر دابەش دەبێت.

١- هەستی- هەستی.

لەم جۆرەدا هەردوو بنەما سەرەکییەکەی لێکچواندن " لێچوو، لەوچوو) بەریەکێك لەهەستەکان دەکەون

ئەگەر باوەڕ نەکەی سەوگەند بەئەبرۆت
هیلال ئاسا خەمیدەم بۆ مەهی رووت.(٤٠)

| لێچوو | لەوچوو | |
|---|---|---|
| من(شاعیر) | هیلال | شاعیرو مانگ بەر هەستەکان دەکەون. |
| روو | مەهـ | رووو مانگ بەر هەستەکان دەکەون. |

٢- ژیری - هەستی.

لێچوو شتێکی ژیری دەبێ، لەو چوو شتێکی هەستی. واتە تەنیا لەوچوو بەر هەست دەکەوێ، بەهۆی ئەوەوە لێچوو کەژیرییە رووت دەکرێتەوە.

غەم وەکو بەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا ئاوی
هائل زایە کەشتی کەوتمە حاڵی حەلوە لا (٤٢)

| لێچوو | لەوچوو | |
|---|---|---|
| غەم | یەم | لێرەدا لێچوو(غەم) بەرهەستەکان ناکەوێ تەنیا بەهۆی |

ژیرییەوە تێی دەگەین.(یەم) دەریا بەر هەستی بینین و دەست لێدان دەکەوێ.

٣- هەستی- ژیری

لەم جۆرەدا لێچوو شتێکی هەستییە لەووچوو شتێکی ژیرییە ئەم جۆرە لای زانایان زۆر پەسەند نییە چونکە لێچوو کە هەستی بێت زیاتر دەناسرێ لە لەوچوو کە ژیرییە.

سەودای چینی زولفت وەك شەوی تار
بە یاضی عرضت وەك ماهی ئەنوەر. (٤٣)

| لێچوو | لەوچوو | |
|---|---|---|
| چینی زولفت | شەو | زولفت هەستی:- شەو. بەر |

هیچ یەکێ لەهەستەکان ناکەوێ. ئەوەی بەرچاومان دەکەوێ تاریکییە تەنیا بەژیری دەزانین.

٤- ژیری- ژیری شەوە.

هەردوو بنەما سەرەکییەکە بەر هیچ یەکێ لەهەستەکان ناکەون.تەنیا بەهۆی ژیرییەوە تێیان دەگەین.

دەشکی بە میلی حورمەتی من قیمەتی نەبات
پۆشیدە گەر نەبێ لەبی لەعلت لەمشتەری(٤٤)

| لێچوو | لەوچوو | |
|---|---|---|
| حورمەت | (قیمەت)ی نەبات. | لێرەدا(حورمەت) بەر هیچ یەکێ لەهەستەکان |

ناکەوێ.(قیمەت) نرخ نین بەرهیچ لەهەستەکان ناکەوێ. هەر دووکیان هەستین.

دابەشکردنی لێکچواندن بەبێ بەپێی ژمارەی بنەماکان لەدێرە شیعرێکدا.

١- لێکچواندنی تەخت.

لەم جۆرەدا شاعیر دوو شت دێنێتەوەو بەیەك شنیان دەچوێنێ" ئەوەیەکە دوو شت یا پتر بەیەك شت بچوێنرێ، واتە لێچوو چەند شتێك بێتو لەوچوو تاکە شتێك بێ"(٤٥)

سەدای گریانی خۆمو دەنگی نالەی دڵ لەدەست هیجران
دەهارێ موتەسیل هەر دەڵێی زەنگی زۆردارێکن(٤٦)

| لێچوو | لەوچوو |
|---|---|
| ١- سەدای گریانی خۆم | ١- زەگی زۆردار. |
| ٢- نالەی دڵ. | |

لێرەدا شاعیر دوو شتی بەیەك شت چواندووە

٢- لێکچواندنی کۆ.

لەم جۆرەدا شاعیر بەمەبەستی زیاتر روون کردنەوەو دەرخستنی لێچوو. یەك شت بەدوو شت یاخود زیاتر دەچوێنێ بۆ ئەوەی لێچوو بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا دەرکەوێ، لێکچواندنی کۆ (ئەوەیە یەك شت بە دو شت یا کۆمەڵە شتێك بچوێنێ، واتە لێچوو یەك بێت و لەوچوو کۆمەڵە شتێك بێت)(٤٧).

پێچیدە با ببێ دلی عیشقت هەمیشە وەك
زولفی ئەیاز و گەردنی محمودی غەزنەوی (٤٨)

| لێ چوو | لەوچوو |
|---|---|
| دلی عیشقت | ١- زولفی ئەیاز |
| | ٢- گەردنی محمودی غەزنەوی. |

یەك شتی بە دوو شت چواندووە

## دابەش کردنی لێچواندن بەپێی لێ چوو و لەوچوو لەدێرە شیعرەکان.

١- لێکچواندنی بڵاو.

لەم جۆرەدا شاعیر چەند لێکچواندنێك دروست دەکات لەدێرە شیعرێکدا هیچیان نەبەستراوە بەوەی پێش یا دوای خۆی، بەڵکو سەربەخۆیە، واتە شاعیر لێکچواندنێك دروست دەکات کەتەواو بوو ئینجا دەچێتە سەر لێکچواندنێکی تر، بۆیە لێکچواندنەکان شێوەیەکی سەربەخۆ وەردەگرت.

جیلوە تاوس و نیگەهـ ئاهوو دوراج ڕەوش
تووتی ئاوازو هوما سایەو فەروخ قەدەمی (٤٩)

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر کۆمەڵێ لێکچواندنی هێناوەتەوە، یەکێکی تەواو کردووە ئینجا چۆتە سەر ئەوی تر. وە هەریەکەیان سەربەستە (جیلوە تاوس) (نیگەهـ ئاهوو) (دوراج ڕەوش) .....هتد. هیچ یەکیان پەیوەندیان بەئەوی تریان نییە. لێکچواندنەکان هەمووی بۆ بەرزکردنەوەی یارە. شاعیر هەر جارە بەشتێکی جوای چواندووە.

دڵم باغ و گوڵم فرمێسکی تالە
بەهار عەمرو ئەجەل گوڵچینە بێ تۆ(٥٠)

| لێ چوو | لەوچوو |
|---|---|
| دڵ | باغ |
| فرمێسك | گوڵ |

عومر بەهار

ئەجەل گوڵچین لێکچواندنەکان سەربەخۆن لەڕووی دروست بوونەوە.

٢- لێکچواندنی پێچراو :

بریتی‌یە لە هێنانەوەی چەند لێکچواندنێك لەدێرە شیعرێکدا، بەلاّم سەربەخۆ نین بەڵکو لەڕووی دروست بوونە بەیەکەوە پەیوەستن، ئەویش بەمە دەبێت، شاعیر کۆمەڵێ لێ چوو لەتەك یەك ریز دەکات. ئینجا کۆمەڵی لەوچوو لەتەك یەك ریز دەکاو لێکچواندنەکان لەنێوانیان دروست دەکات.

لێکچواندنی پێچراو بەپێێ رێکخستنی لێ چوو لەو چوو لەبەرامبەر یەکتر بەپێی زنجیرەی دەکرێت بە دوو بەش:

ا- لێکچواندنی پێچراوی رێك :

شاعیر هەڵدەستێ کۆمەڵی لی چوو لەتەك یەك ریز دەکات ئینجا کۆمەڵی لەو چوو دێنێتەوە. یاخود بەپێچەوانەوە، لێ چوو لەوچووەکان بەپێی ژمارەی زنجیرەی بەرامبەر یەك دادەنێ.

خۆ زولف و ڕوخت ضدی یەکن سیحرەکە سازان
خستۆتە ژێر ماری سیەهـ دۆشەگی پشکۆ[٥١]

لەم دێرەدا لەنیوە دێری یەکەم دوو لێ چوو هاتووە. ١-زولف ٢-ڕوخ. لەنیوەی دووەمیشدا دوو لەوچوو هاتووە. ١-ماری سیەهـ ٢-دۆشەگی پشکۆ. لێچووەکان هەریەکە لەوچووی خۆی بەرامبەریەتی، بەپێی ژمارە

پرتەوی عارچی یار و دڵی سەدپارەیی من
قسەیی شەوقی مەهـ و چاکی کەتانە بەعمر[٥٢]

لێ چوو لەوچوو
١- پرتەوی عارز ١- شەوقی مەهـ
٢- دڵی سەدیارە ٢- چاکی کەتان
٣هەریەکە لەوچووی خۆی بەرامبەر خۆیەتی

ب- لێکچواندنی پێچراوی ناڕێك

شاعیر کۆمەڵی لێ چوو دێنێتەوە ئینجا کۆمەڵێ لەوچوو، بەلاّم لەوچووەکان بەپێی ژمارەی زنجیرەی بەرامبەر لێچووەکان ناوەستن خوێنەر دەبێ خۆی دەست نیشانیان بکات.

غەبغەب و خاڵ و لەب و گوڕەیی یار
سونبول و سیب و بەنەفشە و گوڵنار[٥٣]

لێکچواندنەکان دروست کراون لێچوو لەوچووەکان بەگوێرەی ژمارەی زنجیرەی دانەنراون. بەڵکو تێکەڵ کراون. خوێنەر دەبێ هەریەکەیان بۆ لێچوی خۆی بگێڕێتەوە.

| لێ چوو | لەو چوو | |
|---|---|---|
| ١- غەبغەب | ٢- سێب | لێ چوو لەوچوو بەپێی ژمارە |
| ٢- خال | ٣- بەنەفشە | بەرامبەر یەك نین |
| ٣- لەب | ٤- گوڵنار | |
| ٤- گوڕە | ٢- سونبول | |

ئەو دابەش کردنانەی کە باسمان کردن دابەش کردنی لێکچواندنی ئاسایی بوو لەڕووی بنەماکانەوە، جا یەکێك لەو بنەمایانەی کە شایانی ئەوەیە لێرەدا باس بکرێت ئەوزارە.

## ئەوزار

یەکێکە لە چوار بنەماکەی لێکچواندن، وەکو هەلقەیەك وایە کە هەردوو سەری لێکچواندن (لێچوو، لەوچوو) بە یەکەوە دەبەستێتەوە، (هەر وشەیەك وەك یەکیو هاوبەشی بگەیەنێ ئامرازی لێکچواندنە)[٥٤] واتە ئەو هۆکارەیە کە پەیوەندییەکە دروست دەکات. (ئەوزار بریتییە لەو وشەو پاشگرانەی کە مانای لێکچواندنو هاوبەشی دەگەیەنن (لێچوو)و (لەوچوو) بە یەکەوە دەبەستێتەوە. ئەوزار وەك بنەمایەك دەردەکەوێت ئەوکاتانەی کە دەریش ناکەوێت هەست بە بوون دەکەین)[٥٥] لە زمانی عەرەبیدا ئەوزار زۆر جار پیتێکە وەك (کـ). یاخود وشەیەکە وەکو (میل). بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەوزار وشەیەکە وە هیچ ئەوزارێکمان نییە کە یەك پیت بێت. کۆمەڵە وشەیەکمان هەیە کە بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی هەر دوو جەمسەرەکان بەکاردێن (ئەوزار تەنها وشەیەك نییە بەڵکو خەرمانە وشەیەکی ڕەنگاو ڕەنگە)[٥٦] وشەکان هەندێکیان وشەی کوردی ڕەسەنن. هەندێکیان لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون. وە هەندێکیان لە زمانی عەرەبی وەرگیراون. لەوانەیە لای خۆیان ئەوزاریش نەبێ بەڵام لە زمانی کوردی وەکو ئەوزار بەکار هاتووە.

سالم لە شیعرەکانیدا لێکچواندنێکی زۆری بەکارهێناوە لە دروست کردنی لێکچواندنەکانیش بە زۆری ئەوزاری بەکارهێناوە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێ وشەی ڕەنگاو ڕەنگی بەکارهێناوە.

١- وەك

یەکێکە لەو ئەوزارانەی کە تایبەتیە بە زمانی کوردی. بەرامبەر بە (مثل)ی عەرەبی دێت لە شیعری کوردیدا زۆر بەکاردێت[٥٧].

دەوری پوستانت لە زولفت جەدوەلە
وەك لە هەلقەی تابە نووسا گوێی عاج[٥٨]

- هەروەك

لە دووبەش پێکهاتووە (هەر+وەك) (وەك) ئەوزارە (هەر) پێشگرێکە بۆ جەخت کردن بەکاردێت. بەرامبەر بە (بالضبط)ی عەربییە)[٥٩] لێچوو لەوچوو زیاتر لەیەك نزیك دەکاتەوە.

ڕەبتی ئەسپو سمەکەی دووسەرە هەروەك تەنوجان
سەری من سایەی ئەو خاکی ڕەهی ئەو سەری من[٦٠]

٢- وەکو

ئەوزارێکە بەرامبەر بە (مثل، شبیە)ی عەرەبی دەوەستی.[٦١]

وەکو موژگانی تۆ بەرگەشتەیە گالع بەرووی مندا
بەریشان زولفی مشکینت لەگەڵ ئەحوالی من جووتە[٦٢]

-هەروەکو

(هەر) پێشگرێکە بۆ جەخت کردن بەکاردێت. (وەکو) ئەوزارێکە لە ڕەوانبێژی کوردیدا. (هەروەکو) واتاکان زیاتر لەیەك نزیك دەکاتەوە.

گەر قیاس کەم بە قەدت قەد بەندۆ
هەروەکو سەروە موقابل بە چنار[٦٣]

٣- دەڵێی

یەکێکە لە ئەوزارە رەسەنەکانی رەوانبێژی کوردی. شاعیران زۆریان بەکارهێناوە.

هەر بە یادی بۆسە مەستم گاهی قورب
کۆیی تۆ بۆ من دەڵێی مەیخانەیە (٦٤)

- هەر دەڵێی

لە دوو بەش پێکهاتووە (هەر+دەڵێی) (هەر) پێشگرە بۆ جەخت کردن (دەڵێی) ئەوزارە. بۆ زیاتر نزیك خستنەوە بەکاردێ.

سەدای گریانی خۆمو دەنگی ناڵەی دڵ لە دەست هیجران
وەهادێ متصل شەو هەردەڵێی زەنگی زۆرداریێکن(٦٥)

٤- رەنگی

ئەزارێکی رەسەنی کوردییە بەواتای (چەشنی) دێت.

شکاندت خاتری (سالم) لەسەر بۆسەی لەبی لەعلت
لەسایەی گریەوە ئێستە سروشکی رەنگی یاقووتە.(٦٦)

- بە رەنگی

ئەوزارێکە رەسەنی زمانی کوردییە بەواتای (وەکو) دێت.

بە رەنگی دولبەرم تحقیقە ئیتر
عەقیمە مادەری دونیا لە دوختەر(٦٧)

٥- شێوەی

واتە وێنە بەرامبەر بە (شکل)ی عەرەبی هاتوو(٦٨)

خەمی قەدوم لە غەمدا شێوەی ئەبرۆتە تامووتە
بە دائم پێچش خاتر وەکو گیسووتە تابووتە(٦٩)

٦- لە ..... دەکا

لە دووبەش پێکهاتووە، مەرجێکی تیایە ئەویش ئەوەیە هەردەم لەوچوو دەبێ بکەوێتە نێوان هەردوو بەشەکەوە.(٧٠)

تا بەسەر باغی دڵا بێ بای خەزانی فیر قەتت
عارزم بۆ سێوی روخسارت لە رەنگی بەی دەکا(٧١)

٧- ئاسا

پاشگرێکە دەچێتە سەرناوو دەیکات بە لەوچوو واتای (وەکو) دەگەیەنێ بەرامبەر بە (مپل)ی عەربییە. ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیو فارسیدا هەیە.(٧٢)

نەهری ئەشك ئەم شەو لە دیدەمدا بە خوڕ دەرژێتە روو
دڵ لە سینەمدا تاسەحەر سەنگ ئاسیا ئاسا گەڕا(٧٣)

٨- چو

ئەوزارێکە هاوبەشە لە کوردیو فارسیدا. کورت کراوەی (چون)ە نوونەکەی لێقرتاوە تەنیا (چو) ماوەتەوە.(٧٤)

رووت نازكو لەتیفە وەکو ئەو گوڵی بەهار
قەددت بەڕاستی چوسەهی سەردی جۆیبار(٧٥)

٩- مثلی

(مثل) ئەوزارێکە لەرەوانبێژی عەرەبیدا بەرامبەر بە (وەك) لە کوردیدا دەوەستێ.[٧٦] شاعیرانی کورد وەریان گرتووەو لە شیعری کوردیدا بەکاریان هێناوە.

لەگەڵ زاهید بە تەقدیری فەلەك هەرگیز جودا تابین

لە قورب و غەیرە رەغبەتدا بە مثلی سیروما رێکین[٧٧]

١٠- شوبهەیە

لە (الشبە)ی عەرەبی وەرگیراوە. بەواتای (وەکو) دێت.

وا لە قەیدای زولفتا ئاشوفتە بووم

شوبهەبە کارم بە وضعی رۆژگار[٧٨]

١١- صورەتی:-

لە (الصورە)ی عەرەبی وەرگیراوە بە واتای (وێنە).[٧٩] شاعیرانی کورد وەریان گرتووەو وەکو ئەوزار بەکاریان هێناوە.

تیغی ئەبرۆی خەمت صورەتی سەیفی عەلیە

باعسی زەمزەمەو شۆری جیهانە بە عومەر[٨٠]

١٢- شکلی

(شکل) وشەیەکی عەرەبی‌یە بە واتای وێنە. روخسار. لە رەوانبێژی عەرەبیدا ئەوزار نی‌یە. کەچی شاعیرانی کورد وەریان گرتووە وەك ئەوزار بەکاریان هێناوە[٨١]

عەسای موسایە سەرنێزەی لە رەغمی مشتی فیرعەونی

بە بەرقی ئاتەش ئەفشان و بە شکلی ئەژدەهایەیدا[٨٢]

## جۆرە سەرەکی‌یەکانی لێکچواندنی راستەوخۆ

١- لێکچواندنی ئاسایی

وەك لەسەرەتادا باسمان کردن بریتی‌یە لە ساغ کردنەوەی سیفەتی کزی لێچوو بە سیفەتی زەقی لەوچوو بە ئاشکرای و شێوەیەکی ئاسایی.

دەناڵێنێ دڵی زارم وەکو زیر

لە شاما شانەکەی گەرشامی گێسوو[٨٣]

| لێچوو | لەوچوو | ئەوزار | رووی لێکچوون |
|---|---|---|---|
| (دڵ)ی زار | زیر | وەکو | ناڵین |

لێکچواندنێکی ئاسایی‌یە. ناڵین دڵی روون کردۆتەوە بە دەنگی زیر.

٢- لێکچواندنی ئاوەژوو

ئەم جۆرە لێکچواندنە لەگەڵ لێکچواندنی ئاسایی پێچەوانەیە چونکە لە لێکچواندنی ئاوەژوودا لێچوو دەکرێ بە لەوچوو وە لەوچوو دەکرێ بە لێچوو. واتە هەردوو بنەماکان جێ گۆڕکێ دەکەن. ئەمەش شاعیر بۆیە وا دەیانگۆڕێ تاکو ئەو شتەی کە دەیەوێ باس بکات بە شێوەیەکی روونتر بیخاتە روو. (لێکچواندنەکە هەڵدەگێردرێتەوە بە جۆرێك لێچوو دەبێ بە لەوچوو وەلەوچوو دەبێ بە لێچوو)[٨٤] واتە شتەکان پێچەوانە دەکرێنەوە (لێکچواندنی ئاوەژوو ئەوەیە کە لێکچواندنەکە وەربگێرێن)[٨٥] ئەم جۆرە هەڵس و کەوتە لەلای شاعیر کە دروست دەبێت هەمووی بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە دەیەوێ باس بکات.وەناوی دەنێ (لەوچوو) (لێکچواندن پێچەوانە دەکرێتەوە.

لێچوو دەکرێ بە لەوچوو وە بەپێچەوانە، سوودەکەی بۆ(لەوچوو) دەگەڕێتەوە بەبیانووی ئەوەی کە لێچوو لە لەوچوو روون و ئاشکراترە لەرووی لێکچوونەوە)[٨٦]

ئەمەش لەبەر ئەوەیە شاعیر ئەو شتەی کە دەیەوێ باسی بکات ئەوەندە لەلای دڵگیرە نایەوێ بەشتی‌تری بچوێنێ بەڵکو دەچێ چ شتی جوانە بەشتەکەی دڵی خۆی دەچوێنێ.

دەسووتێ دڵ بەیادشی رەنجی فەرهاد

ئەویش وەك من دەربەدەرییوو.[٨٧]

| ڕووی لێکچووی | تەوزار | لەو چوو | لێچوو |
| --- | --- | --- | --- |
| غەریب و دەربەدەری | وەك | شاعیر(من) | فەرهاد |

لێرەدا شاعیر لەبری ئەوەی حاڵی خۆی بچوێنێ بەحاڵی فەرهاد لەغەریب و دەربەدەری. چونکە لای هەموو کەس ئاشکرایە کە حاڵی فەرهاد چۆن بووە. واتە سیفەتی زەقی هەیە. بەلام حاڵی سالم لای گشت کەس روون و نی‌یە بۆیە سیفەتی(نزم)ی هەیە، بەلام شاعیر غەریب و دەربەدەری خۆی لەلا ئەوەندە بەهێزە غەریب و دەربەدەری فەرهاد دەچوێنێ بەحاڵی خۆی. واتە پێچەوانەی کردۆتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە حاڵەتەکەی خۆی زۆر بەگەورەو کاریگەر بخاتەڕوو.

شەوقی دانەی خاڵی تۆ خستوومیە ناو داوی خەتەر

بەم گوناهە ئادەمیش وەك من لەجەنەت دەرکرا[٨٨]

| ڕووی ییکچوون | تەوزار | لەوچوو | لێچوو |
| --- | --- | --- | --- |
| دەرکردن لەجەنەت بەهۆی گوناهەوە | وەك | من(شعیر) | ئادەم |

لێرەدا شاعیر کاتێ خاڵی رووی یاری دەبینێ دەکەوێتە داوەوە جەنەتی رووی یار بی‌بەش دەبێ. لەجیاتی ئەم حاڵەتە بچووێنی(ئادەم) کە بەهۆی دەنکە گەنمەوە لەبەهەشت دەرکا. شاعیر هەڵدەستی بەپێچەوانەوە دەرکردن و گوناهەکەی ئادەم بەگوناهو دەرکردنەکەی خۆی دەچوێنێ ئەمەش بۆ ئەوەی دەرکردنەکەی خۆی زۆر بەگەورەتر دابنی لەدەرکردنی (ئادەم) کەلەلای گشت خەڵك ئاشکرایە.

لێکچواندنی پەسندیدە

جۆرێکی‌ترە لەلێکچواندن کەشاعیر شیعرەکانی خۆی پێ‌رازاندۆتەوە ئەویش بریتی‌یە لەوەی کە شاعیر سەرەتا لێکچواندنێکی ئاسایی دروست دەکات. سیفەتی کزی(لێچوو) بەسیفەتی ئاشکرای(لەوچوو) پەسەندتر دادەنێت. ئەمەش بۆ گرنگی وانە بە(لێچوو)( لەم جۆرەدا شاعیر شتێك بەشتێکی‌تر دەچوێنێ لەدواییدا دەگەڕێتەوە لێوو لەلەوچوو پەسەندتر دەکات)[٨٩]

نیسبەتی روومدا بەگوڵ گێسووی بەمشك

سەهوە حەرفی ئەوەلم پانی خەتا[٩٠]

| لێچوو | لەوچوو |
| --- | --- |
| روو | گوڵ |
| گێسوو | مشك |

سەرەتای‌لێکچوانی دروست کردووە(رووی) بە(گوڵ) چواندووە. وە (گێسووی)بە(موشك) لەبۆی خۆشیدا. لە نیو دێری دووەم پەشیمان بۆتەوە چونکە دەکرێ قسەی یەکەم

که‌(رووم)به‌(گوڵ)چواندووه‌ هه‌ڵه‌م کردووه‌. له‌دووه‌میشدا که‌(گێسوو)م به‌(موشك) چواندووه‌ گوناهم کردووه‌ به‌م پێیه‌(روو) له‌(گوڵ) وه‌(گێسوو) له‌(مشك) په‌سه‌نتر داده‌نێ.

٤- لێکچواندنی وێنه‌یی

له‌م جۆره‌ لێکچواندنه‌دا تاکه‌ تاکه‌ شته‌کان له‌یه‌ك ناچوێنرێ به‌ڵکو شته‌کان له‌یه‌ك ده‌داو دیمه‌نێکیان لێدروست ده‌کات. ئنجا دیمه‌نێکی‌تر دێنێ و لێکچواندن له‌نێوانیان دروست ده‌کات.(له‌جیاتی ئه‌وه‌ی شتێك به‌شتێکی‌تر بچوێنرێ وێنه‌یه‌ك به‌وێنه‌یه‌کی‌تر ئه‌چوێنرێ. مه‌به‌ست له‌وێنه‌ ئه‌وه‌یه‌ له‌چه‌ند پارچه‌یه‌کی زۆر پێکهاتبی ئه‌و پارچانه‌ به‌ڕه‌نگێکی وه‌ها تێکهه‌ڵکشانبن که‌ بووبن به‌یه‌ك شت و وێنه‌یه‌کیان لێدروست کردبێ)[91] واته‌ لێکچواندنه‌که‌ له‌چه‌ند سیفه‌تێکه‌وه‌ له‌یه‌ك بچێ. به‌ڵام سیفه‌ته‌کان یه‌کیان گرتبێ نه‌ك جیا جیا واته‌ هه‌ر وێنه‌یه‌ك کۆمه‌ڵه‌ سیفه‌تێکی یه‌کگرتووی هه‌بێ.

ده‌وری رووی داوه‌ خه‌می سونبولی موو
هه‌روه‌کو هاله‌ له‌ده‌وری قه‌مه‌ردا[92]

مووی چین چینی پێچ خواردووی ده‌وری رووی یار که‌وێنه‌یه‌کی جوانی دروست کردووه‌ چواندووه‌ به‌وێنه‌یه‌کی جوانتر وێنه‌ی مانگ کاتی خه‌رمانه‌ی داوه‌ له‌ناو ئاسمانی ره‌ش هه‌ڵگه‌ڕاوی شه‌وا.

پوستانی دولبه‌رم به‌نه‌زاکه‌ت له‌چینی زوڵف
وه‌کو گۆی حاج بۆ خه‌می چه‌وگانی ئابه‌نۆس[93]

شاعیر وێنه‌یه‌کی زۆر جوانی هێناوه‌ته‌وه‌ ئه‌ویش مه‌مکی سپی یار له‌ناو پێچی زوڵفی چین چیندا ماری ڕه‌ش ده‌وری داوه‌. ئه‌م وێنه‌یه‌ی چواندووه‌ به‌وێنه‌یه‌کی‌تر ئه‌ویش گۆی عاج که‌ زۆر سپی‌یه‌ له‌به‌رده‌م چه‌وگانی ئابه‌نووس که‌زۆر ره‌شه‌. چه‌وگانه‌که‌ له‌کۆتاییدا نه‌ختێك خوار ده‌بێته‌وه‌ وه‌کو گۆیه‌که‌ی له‌باوه‌ش گرتبێ وایه‌. وێنه‌کان ئه‌وه‌نده‌ جوانن یه‌ك له‌وی‌تر جوانتره‌.

لێکچواندنی ناڕاسته‌وخۆ

له‌لێکچواندنی ناڕاسته‌وخۆدا بنه‌ما سه‌ره‌کیه‌کانی لێکچواندن به‌شێوه‌یه‌کی ئاشکرا ناخرێته‌ روو. به‌ڵکو ئیشاره‌تێکی ده‌درێتێ وه‌ له‌واتاکه‌یه‌وه‌ تێی ده‌گه‌یت. که‌مه‌به‌ستی دروستکردنی لێکچواندنه‌.( بیری سه‌ره‌کی که‌ لێکچواندنی ناڕاسته‌وخۆی له‌سه‌ر بنیات ده‌کرێ ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌مجۆره‌ ده‌ربڕینه‌ وه‌کو جۆره‌کانی‌تر نی‌یه‌ که‌به‌سه‌رمانا تێپه‌ڕبوون. دوو بنه‌ماکه‌ تیایا ده‌رناکه‌ن. به‌ڵکو هێما بۆ لێچوو له‌وچوو ده‌کرێ. وه‌له‌مانایانه‌وه‌ تێیانده‌گه‌ی. وه‌هه‌رده‌م له‌وچوو سه‌لماندنێکه‌ بۆ گونجاوی ئه‌و شته‌ی که‌ دراوه‌ته‌ پاڵ لیچوو.)[94] واته‌ لێره‌دا لێچوو له‌وچوو روون و ئاشکرا نین به‌ڵکو خوێنه‌ر ده‌بی له‌واتاوه‌ تێبیان بگات.( ناڕاسته‌وخۆ لێکچواندنێکه‌ لێچوو، له‌وچوو تیایا روون ناکرێته‌وه‌ وه‌ك لێکچواندنه‌کانی‌تر که‌ زانراوه‌. به‌ڵکو به‌هۆی چه‌ند هێمایه‌که‌ له‌پێکهلتنیان.)[95] واته‌ شاعیر لێکچواندنێکی شاراوه‌ دروست ده‌کات به‌بێ ئه‌وه‌ی ناوی لێچوو له‌وچوو ببات به‌ڵکو ئیشاره‌تێکمان بۆ ده‌کات تا خوێنه‌ر له‌واتاکه‌یه‌وه‌ بگاته‌ مه‌به‌ست.

چ سوڵحێکه‌ وتم زوڵفت له‌گه‌ل روو پێکه‌وه‌ دایم
وتی هه‌رگیزله‌شه‌ودا مه‌جلیسی من بێ‌چرا نابێ[96]

شاعیر لێره‌دا به‌یاره‌که‌ی ده‌ڵێ چ قه‌وماوه‌ ئه‌وا هه‌رده‌م زوڵف و رووی به‌یه‌که‌وه‌ن، کاتێ به‌زمانی یار وه‌لامی ئه‌مه‌ ده‌داته‌وه‌ به‌لێکچواندنی ناڕاسته‌وخۆ وه‌لامه‌که‌ ده‌داته‌وه‌.(له‌شه‌ودا مه‌جلیسی من بێ چرا نابێ) شه‌وی تاریك که‌ گشت شتێك ڕه‌شه‌ چرایه‌ك ئه‌م ره‌شاتیه‌ دا بدرێنێ و

پرشنگ بداتەوە چەند جوانە! ڕووی یاریش لەناو زوڵفی ڕەشا وەکو دیمەنی پڕشنگی ئەو چرایەیە لەناو تاریکی شەودا.

تابی بی‌میهری نەبوو یەکدەم وەکو(سالم) ڕەقیب

سەگ بەتۆپین چوو لەقەحتا گورگی باران دیدەما[٩٧]

سالم دەڵێ یار هیچ میهری نەبوو. ڕووی نەدەکردە کەسو دڵی کەسی خۆش نەدەکرد. لەو بێمیهرییەی یار ڕەقیب بەرگەی نەگرت. و لەناو چوو من توانای ئەو جەورو جەفایەم هەبوو مامەوە. جا ئەو مانایەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێکچواندووە. کاتێ بەناڕاستەوخۆ ڕەقیبی بەسەگ چواندووەو خۆی بەگورگی باران دیدە. کەتوانای گەرماو سەرمای هەیە بەرگەی هەموو تەنگو چەڵەمەیەك دەگرێت.

مەناعە بۆ تلوعی سەحەر شەو لەبەختی من

ئەی بادی سوبح دەم وەرە سالادە وەپەرچەمی[٩٨]

لێرەدا بەناڕاستەوخۆ ڕووی یاری چواندووە بەڕۆژ لەکاتی هەلاتندا زوڵفی یاریش وەکو شەوی تاریکە. بۆیە زوڵفی کە وەك شەوە ڕووی داپۆشیوەو نایەڵێ دەرکەوێ بۆیە داوا لەبای سەبا کە پەرچەمی‌لادات و ڕووی دەرکەوێت، دەکا شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لێکچواندنی دروست دەکات بەبێ ئەوەی بنەماکان دەربخات.

مەبەستی(سالم) لەهێنانەوەی لێکچواندن

سەرەڕای ڕازاندنەوەو ڕوونکردنەوەو جەخت کردن کە لێکچواندنی هونەرێکی زۆر لەبارە بۆیان وەهونەری باوی تا ئەو سەردەمەش پورەکە•سالم) تیایا ژیاوە. وەدەرخستنی توانای خۆی لەشیعرداو هێنانەوەی وێنەی جوان بەهۆی لێکچواندنەوە. لەڕووی بابەتەوە(سالم) دوو مەبەستی سەرەکی هەبووە.

١- جوانکردنو بەرزکردنەوەی ئەو شتەی کەدەیەوێ باسی بکات:

شاعیر ئەو شتەی کە دڵگیریەتیو زۆر خۆشەویستە لەلای دەیەوی بەشێوەیەکی وابیخاتە ڕوو زۆر لەڕاستەقینەی خۆی جوانتربێت. تاوەکو خوێنەرانیش وەکو خۆی مەستو حەیران بکاتو بەپەرۆشەوە بن بۆ بینینی ڕووی قەشەنگداری ئەو شتەی کە باسی دەکات. بەجۆرێك کاریان لێبکات. کە کاری لە خۆی کردووە. یار لەلای شاعیر ئەوەندە بەرز دەبێتەوە تەنانەت نایەوێ بۆنی زولفی یار بە میسکی خەتاش بچووێنێ چونکە ئەمە بە تاوان دادەنێ لەبەر ئەوەی میسك شایانی ئەوە نییە زولفی یاری پێ بچووێنرێ.

حیسابی نەفحەی زولفت لەگەڵ میسکی خەتاناکەم

خەتا ناکەم سەبا شاهیدمە تشبیهی وەها ناکەم[٩٩]

تەنانەت بای سەباش دەکاتە شاهید کەوا لێکچواندنی بەم جۆرە ناکات واتە لێکچواندنێکی نەفییە. (نەرێیە) یارەکەی ئەوەندە بەرز دەکاتەوە. تەنانەت لە دوای ئەو دایکی دنیا کچێکی‌تری لەم ڕەنگە نابێتەوە.

بە ڕەنگی دلبرم تەحقیقە ئیتر

عەقیمە مادەری دونیا لە دوختەر[١٠٠]

واتە یار ئەوەندە جوانە جوانێکی‌تر بەم ڕەنگە دوای ئەو لە دایك نابێ.

(سالم) بۆ زیاتر جوانی کردنی یار هەوڵ دەدا لێکچواندنی پەسەندیدە دروست بکات.

دەڵێم وەك قامەتت دڵگیرە سەروێش

ئەگەر سێبو گوڵو سونبولی سەمەردا[١٠١]

لێکچواندن لە نێوان باڵای یارو سەرو دروست دەکات لێکچواندنێکی ئاوەژوو دەڵێ: داری سەرو وەکو باڵای تۆ دڵگیرە. ئنجا دەڵێ بە مەش داناکەوێ کە لێکچواندنی ئاوەژووی دروست کردووە. هەڵدەستێ دەیکاتە پەسەندیدەو چەند مەرجێکی بۆ دادەنێ مەرجەکەش ئەوەیە ئەگەر داری سەرو گوڵو سونبوڵو سیو بگرێ. چونکە باڵای یار جگە لە باریکی و جوانی و ڕێکی. ڕووی یاری هەڵگرتووە کە گوڵە. زولفی بە قەدا شۆڕبۆتەوەو دوو مەمکی سیو ئاسای لەسەر سینەیە:

جوانی و سپێتی مەمکەکانی یار ئەوەندە بەرز دەبنەوە تەنانەت موعجیزەی موسا پێغەمبەر (د.خ) کە دەستی دەخاتە گیرفانی و سپی یەکەی بێ میسال بوو. شاعیر دەڵێ ئەو سپی یەتی یەی دەستی موسا ناگاتە ڕەنگی سپی مەمکی یار.

لە قوببەی پوستانت یەدی بەیزا نموداره

ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێبی جامەی تۆ کەفی موسا.(١٠٢)

سالم بۆ باسی جوانی شیعرەکانی خۆی لێکچواندنی جوانی دروست کردووە.

ڕەنگینە هەموو شیعرم وەك نەقشی تەکەلتوی زین

مەزمون کەشە فیکرم وەك قوللابی درومانت(١٠٣)

شاعیر یارەکەی ئەوەندە جوان دەکا ڕووی دەکاتە وەرزی بەهار عەشقی دڵی خۆشی ئەوەندە بەتین دەکا بە هۆیەوە لات و پەریشان بووە. وە ڕووی بۆتە پایزی زەرد:-

خەزانی ڕەنگی من بۆ ئایینەی ڕووت

خەزانم دی لە ئاغوشی بەهارا(١٠٤)

٢- ناشیرین کردنی ناحەزان

شاعیر نووکی خامەی تێر کردووەو بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵ دەدا شتی بەدو ناشیرین بینێتەوەو ناحەزی پێ بچووێنێ بۆ ئەوەی زیاتر لەبەر چاوی خوێنەران بەدو ناشیرین دەرکەون و ئەوانیش وەکو (سالم) نەفرەتیان لێ بگرن. ئاغای بێ ویژدان و زاڵم دەکاتە ڕێوی فێڵباز کاتێ دەستی ئافرەتەکە دەبڕێ و هەڵی دەخەڵەتێنێ.

ئاوەتێ تالب بە پول بوو ئاغا هیچی شك نەبرد

ڕێوی ئاسا فریبی داو هەم بەبێ هیچ گوێی بڕی(١٠٥)

(ڕەقیب)یش ڕوخساری بەری لەلای (سالم) لە ئاغا خۆشەویست تر نی یە.و بەشی ئەویش لەوباشتر نی یە ئەوەتا ڕەقیب لەبێ مهیری یار دەبێتە سەگ و دەتوپێ. لەبێ توانایی و بێ نەزاکەتی خۆی

تابی بێ مهیری نەبوو یەکدەم وەکو (سالم) ڕەقیب

سەگ بە تۆپین چوو لە قەحتا گورگێ باران دیدەما

میرزا (سلێمان)ی زین درووی شاعیریش لە چەنگ قەڵەمی تیژی سالم ڕزگاری نابێ کە دەیکا بە (قازو) خۆشی بە شاهین.

تۆ قازو ئەمن شاهێن مەقرێنە بەدەورمدا

نەك حەملە بەرم گیر کەم چنگی لە چڵدانت(١٠٦)

ڕەقیب ئەوەندە بەدکارو درۆزنە بۆیە لەلای (سالم) سەرەڕای نەفرەت ڕووشی وەکو قیڕ ڕەش دەبێ. دیارە ڕوو ڕەشیش شتێکی زۆر ناشیرینە چونکە لە ئەنجام کارێکی ناشیرینەوە دێتە دی. کورد دەڵێ (ڕوو ڕەشی دونیاو قیامەت بی). سالمیش دەڵێ.

لە دونیادا خوداوەند حەرفی موفسید قەت قەبوول نا

ڕەقیب هێندەی درۆ کرد سەیری ڕووی کەن هەروەکو قیرە(١٠٧)

## ئەنجام

شاعیری هەست ناسکی، دڵ برینداری بابان. عەبدولرەحمان بەگی ساحیب قڕان. توانایەکی زۆر بەرزی هەبووە لە هونەرەکانی رەوانبێژی‌دا وە گرنگی پێ داوە. تەنانەت بە شیعر باسی کۆڕێکی گفت‌و گۆی رەوانبێژی دەکات کە لە نێوان شاعیران‌و زانایان‌و هەوادارانی شیعر بەستراوە لە خانەقای مەولانا خالد. ئەم کۆڕە دەتوانرێ بەسەرەتایەکی رەخنەی سەرزارەکی ئەدەبی کوردی دابنرێ. وە شایانی ئەوەیە کە گرنگی پێ بدرێ. سالم لە هونەری لێکواچواندن دەستێکی بالآی هەبووەو ژمارەیەکی بێ شوماری لێکچواندن لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە لە رووی جۆرەوە راستەوخۆو ناراستەوخۆی بەکارهێناوە. لە رووی جۆری لێکچواندن لەسەر بنچینەی بنەماکانی‌و هەستی‌و ژیری‌یەوە هەموو جۆرەکانی بەکارهێناوە. لێکچواندنە راستەوخۆیە سەرەکیەکان جگە لە لێکچواندنی دووسەرە. ئەوانی‌تر گشتیان لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون.

(سالم) لە لێکچواندنەکانیدا گرنگی‌یەکی زۆری بە ئەوزار داوەو کۆمەڵی ئەوزاری رەنگاو رەنگی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. لە لێکچواندنەکانی‌دا سالم بە ۆزری ئەوزاری بەکارهێناوە. لێکچواندنی جەختاو، رەوان ژمارەیان کەمترە لەو لێکچواندنانەی کە بە ئەوزار دروست دەکرێت..

(سالم) ئەو ئەوزارانەی کە بەکاری هێناون. ئەوزاری کوردی رەسەنن. ئەوزاری عەرەبین. وە دوو ئەوزاریشی هێناوەتەوە کە لە نێوان کوردی‌و فارسی هاوبەشن ئەوانیش (ئاسا،چو). شایانی باسە سالم لەگەڵ ئەو پەیوەندەی‌یەی کە لەگەڵ شاعیرانی ئێران هەیبووەو هاتوچۆی ئێرانی زۆر کردووە. ئەوزاری زمانی فارسی بەکارهێناوە. بە پێچەوانەوە زۆر گرنگی بە ئەوزارەکانی رەسەنی رەوانبێژی کوردی داوە.

لە لێکچواندنەکانیدا سالم هەندێ جار لێکچواندنی لە نێوان ئەو شتانە کردووە کە لە زۆر رووەوە لە یەك دەچن بەمەش دڵی ئەوانەی رازی کردووە کە باوەڕیان وایە باشترین لێکچواندن ئەوەیە کە دوو بنەمای سەرەکی لە زۆر رووەوە لە یەك بچن تاکو بەرەو یەکگرتن بڕۆن. بەڵام بە زۆر لە شیعرەکانیدا لێکچواندنی لە نێوان ئەو شتانە دورست کردووە کە زۆر لە یەك دوورن وە بە هۆی بیری وردی توانیویەتی کە ئەو پەیوەندی‌یە شاراوەیە بدۆزێتەوە کە لە نێوان شتە لەیەك دوورەکان دەگونجێ ئەمەش بە پێی زانایانی ئەم سەردەمە باشترین وە جوانترین لێکچواندنە چونکە بە هۆیەوە دەتوانرێ پەیوەندی‌یە شاراوەکانی بدۆزێتەوە. لە رووی مەبەستیشەوە (سالم) هەردوو مەبەستی بابەتی. بەرزکردنەوەو نزم کردنەوە لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە. (سالم) بە بیری وردو خەیالی بەرزو هەستی ناسکی توانیویەتی لێکچواندنێکی زۆر جوان‌و ناسك دروست بکاو شیعرەکانی پێ بە پێزو رەنگین‌و رازاوە بکات.

*****

### پەراوێزەکان

١- ابی هلال الحسن بن عبدالله بن سهل العسکری، الصناعتین، حخقیق علی محمد البجاوی، محمد ابو الفضل ابراهیم، دار الفکر العربي، ط٢، دار الکتب الحدیث) الکویت، ص٧.

٢- سەرچاوەی پێشووص١٢

٣- عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردی‌دا، دار الجاحظ، بەغدا ،١٩٧٢، ل.

٤- عەبدول رەحمان بەگی ساحێبقران (دیوانی سالم) ، چاپخانەی کوردستان، چ٢، هەولێر ١٩٧٢،ل٤٣.

٥- عەلائەدین سەجاوی، خۆشخوانی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٦، ل٩.

٦- دیوانی سالم ، ٣٥.

٧- د. كامل حەسەن بەسیر، مێژووی رەخنەسازی بەشی یەکەم، (دار الحرية للطباعة) بەغدا، ١٩٩٤، ل١٧.

٨- پرۆفیسۆر كامل حەسەن بەسیر، ویژەی کوردیو رەخنە سازی، چاپخانەی (الجاحظ) بەغدا، ١٩٩١، ل٥٢.

٩- سەرچاوەی پێشوو ل٤٧.

١٠- سەرچاوەی پێشوو ل٥٠.

١١- د. جابر احمد عصفور، الصورة الفنية في التراث النقدى والبلاغى دار الثقافة للطبابة والنشر/ القاهرة، ١٩٧٤،ص٤٥١.

١٢- عبدالقادر الجرجانى اسرار البلاغة، دار الكتب، بيروت لبنان ط١ ١٩٨٨،ص٨٨.

١٣- د. جابر احمد عصفور الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغى، دار الثقافة للطباعة والنشر. القاهرة،١٩٧٤، ص٢٠٨.

١٤- دیوانی سالم، ل٤٩.

١٥- د. جابر عصفور، الصورة الفنية .. ص٢١١.

١٦- دیوانی سالم. ل١٥٠.

١٧- قدامة بن جعفر، نقد الشعر، ــــ كمال مصطفى ، القاهرة، ١٩٦٣، ص١٠٨.

١٨- ابى هلال العسكرى، الصناعتين. ص٢٣٩.

١٩- قدامة بن جعفر نقد الشعر ص١٠٨.

٢٠- دیوانی سالم، ل٥٢.

٢١- ابو عبدالله بن محمد سنان الخفاجى، سر الفصاحة ، وتحقيق المتعالى الصعيدى، مطبعة محمد على صبيح، القاهرة ١٩٦٩ص ٢٣٧.

٢٢- د. جابر عصفور. الصورة الفنية ــــ ص٢٢٤.

٢٣- دیوانی سالم، ل١٨.

٢٤- ابو على حسن بن رشيق القيروانى، العمده، ــــ محمد محى‌الدين عبدالحميد، دار الجبل، بيروت ط٤،١٩٧٢،ص٢٨٨.

٢٥- دیوانی سالم، ل٦٠.

٢٦- دیوانی سالم ل٦٠.

٢٧- د. جابر عصفور، الصوره الفنيه... ص٢٢٦.

٢٨- رينية ويلك و اوستن وارين، نظرية الادب، ت. محى الدين صبحى ص١٨٧.

٢٩- د. محمد غنمي هلال، النقد الادبى الحديث، دار العودة، بيروت، ط ١٩٨٢ ، ص٤٤٦.

٣٠- دیوانی سالم، ل٥٠.

٣١- سەرچاوەی پێشوو ل٢٣.

٣٢- سەرچاوەی پێشوو ل٨٦.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو ل٢٥.

٣٤- سەرچاوەی پێشوو ل٢٢.

٣٥- د. احمد مطلوب، د. كامل البصير، البلاغة والتطبيق. مديرية دار الكتب للطباعة بغداد ١٩٨٢ ص٢٨٦.

٣٦- دیوانی سالم ، ل٢٧.

٣٧- د. محمد حسين على الصغير، اصول البيان العربى، دار الشؤن الثقافية بغداد ١٩٨٦،ص٧١.

٣٨- دیوانی سالم، ل٧٠.

٣٩- عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا ل٣٥.

٤٠- دیوانی سالم، ٣٩.

٤١- سەرچاوەی پێشوو ل٤٩.

٤٢- سەرچاوەی پێشوو ل٣٣.

٤٣- سەرچاوەی پێشوو ل٦٥.

٤٤-سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٥.

٤٥- عەزیز گەردی، رەوانبێژی لەئەدەبی کوری‌دا، ل.

٤٦- دیوانی سالم، ل٩٦.

٤٧- عەزیز گەردی رەوانبێژی لەئدەبی کورددا، ل.

٤٨- دیوانی سالم ، ل١٥١.

٤٩-سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩.

٥٠-سەرچاوەی پێشوو ل١١٣.

٥١-سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٥.

٥٢-سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

٥٣-سەرچاوەی پێشوو ، ٥٧.

٥٤- ابن عبدالله شعیب، علم البیان، دار الهدی ،عین ملیلة الجزائر، ١٩٩٢، ص١٥.

٥٥- سەدار ئەحمەد گەردی، ئەوزاری لێکچواندن لەشیعری کوری‌دا، گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی ژ(٢) ١٩٩٧، ل٥٤.

٥٦- عەزیز گەردی رەوانبێژی لەئەدەبی کوری‌دا ل٣٢..

٥٧- سەدار ئەحمەد گەردی، ئەوزاری لێکچواندن لەشیعری کوری‌دا، گۆڤاری کاروان ئەکادیمی، ل٦٠.

٥٨- دیوانی سالم ، ل٥٤.

٥٩- کاروانی ئەکادیمی ژ (٢) ل٦١.

٦٠- دیوانی سالم ل ٩٤.

٦١- فاضل نظام الدین ئەستێرە گەشە، چاپخانەی (الاجیال) بەغدا، ١٩٧٧.

٦٢- دیوانی سالم، ل١٢١.

٦٣- سەرچاوەی پێشوو،ل٥٨.

٦٤- سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٧.

٦٥- سەرچاوەی پێشوو،ل٩٦.

٦٦- سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٤.

٦٧-سەرچاوەی پێشوو،ل٦٥.

٦٨- گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی. ژ (٢) ل ٦٥.

٦٩- دیوانی سالم، ل ١٢٢.

٧٠- گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی ژ. (٢) ل ٦٧.

٧١- دیوانی سالم، ل٢٩.

٧٢- گۆڤاری کاروان ئەکادیمی ژ(٢) ل٦٩.

٧٣- دیوانی سالم، ل٣٤.

٧٤- گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی ژ (٢)٦٨.

٧٥- دیوانی سالم ل ٦٠.

٧٦- کاروانی ئەکادیمی ژ (٢)ل ٧١.

٧٧- دیوانی سالم، ل ٩٦.

٧٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

٧٩- کاروانی ئەکادیمی ژ(٢) ل ٧٢.

٨٠- ديوانى سالم، ل٧٠.

٨١- كراوانى ئەكاديمى ژ (٢) ل ٧٣.

٨٢- ديوانىسالم، ل ١٩.

٨٣- ديوانى سالم ، ل ١١٥.

٨٤- د. احمد مطلوب، د. كامل بصير. البلاغة والتطبيق، ص ١٦٨.

٨٥- عەزيز گەردى رەوانبێژى لەئەدەبى كوردىدا، ل٤٥.

٨٦- احمد الهاشمى ، جواهر البلاغة ، المكتبة التجارية ط١٢١، مصر ١٩٦٠، ،ص .

٨٧- ديوانى سالم، ل ١١٠.

٨٨- سەرچاوەى پێشوو ل٣٩.

٨٩- د. كتر سيد حسن سادات ناصرى ، فنونو صنايع ادبى ، شركت چاپ و نشر ايران، ١٣٦٨ ص٩٤.

٩٠- ديوانى سالم، ل٢٥.

٩١- عەزيز گەردى، رەوابێژى لەئەدەبى كورىدا، ل٥٠.

٩٢- ديوانى سالم، ل ٢٢.

٩٣- سەرچاوەى پێشوو، ل ٧٣.

٩٤- البلاغة والتطبيق ، ص٣٠٨.

٩٥- ابن عبدالله شعيب، علم البيان ص٢٠

٩٦- ديوانى سالم ، ل ١٣٩.

٩٧- سەرچاوەى پێشوو،ل٣٣

٩٨-سەرچاوەى پێشوو،ل١٤٨

٩٩- سەرچاوەى پێشوو،ل٨٥

١٠٠-سەرچاوەى پێشوو،ل٦٥

١٠١- سەرچاوەى پێشوو،ل٢٤

١٠٢- سەرچاوەى پێشوو،ل٢٧

١٠٣-سەرچاوەى پێشوو،ل٥١

١٠٤-سەرچاوەى پێشوو،ل٢٥

١٠٥- سەرچاوەى پێشوو،ل١٤٦

١٠٦- سەرچاوەى پێشوو،ل٥٠

١٠٧- سەرچاوەى پێشوو،ل١٢٦.

## سەرچاوەكان

### كتێبە كوردىيەكان


١- عەبدولرەحمان بەگى ساحێب قران، ديوانى سالم ، چاپخانەى كوردستان. چ٢، هەولێر، ١٩٧٢

٢- عەلائەدين سەجادى، خوشخوانى، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەدين هەولێر- ١٩٨٦.

٣- عەزيز گەردى، رەوانبێژى لەئەدەبى كوردىدا، (دار الجاحظ) بەغدا، ١٩٧٧

٤- فاضل نظام الدين، فەرهەنگى ئەستێرە گەشە، چاپخانەى (الاجيال) بەغدا، ١٩٧٧.

٥- پرۆفيسۆر د. كامل حەسن بەسير، وێژەى كوردىو رەخنە سازى، چاپخانەى بەغدا، ١٩٧٧.

٦- د. كامل حەسەن بەسير، مێژوو رەخنەسازى بەشى يەكەم، (دار الحرية للطباعة) بەغدا، ١٩٩٤.

**گۆڤارەکان**

١- سەردار ئەحمەد گەردی ئەوزاری لێکچواندن لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری کاروانی ئاکادیمی، ژ (٢) هەولێر، ١٩٩٧ل٥١.

**سەرچاوەی فارسی**

١- د کتر سید حسن سادات ناصری، فنون وصنایع ادبی شرکت چاب ونشر ایران،١٩٦٨.

**سەرچاوە عەرەبی‌یەکان**

١- احمد الهاشمی جواهر البلاغة، المكتبة التجارية،ط١٢، مصر، ١٩٦٠.

٢- د. احمد مطلوب، د. كامل البصير، البلاغة والتطبيق، مديرية دار الكتب للطباعة، بغداد، ١٩٨٢.

٣- د. جابر احمد عصفور، الصورة الفنية التراث النقدیء والبلاغی، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٤.

٤- الحسن بن عبدالله بن سهل السكرى (ابى هلال)، الصناعتين، تحقيق على محمد البجاوى، محمد ابو الفضل ابراهيم، دار الفكر العربى، ط٢. (دار الكتب الحديث) الكويت.

٥- حسن بن رشيق القيروانى (ابو على)، العمدة ، تحيق محمد محى الدين عبدالحميد، دار الجبل، بيروت ط٤، ١٩٧٢.

٦- رينية ويلك واوستن وارين، نظرية الادب، ت محى الدين صبحى. د.ت.

٧- ابن عبدالله شعيب علم البيان، دار الهدى، عين مليلة، والجزائر ١٩٩٢.

٨- عبدالله بن محمد سنان الخفاجى (ابو محمد) سر الفصاحة، تحقيق عبد المتعالى الصعيدى، مطبعة محمد على صبيح، القاهرة، ١٩٦٩.

١٠- عبد القاهر الجرجانى، اسرار البلاغة، دار الكتب ، بيروت، لبنان ط١، ١٩٨٨.

١١- قدامة بن جعفر (ابو الفرج)، نقد الشعر، تحيق كمال مصطفى القاهرة ١٩٦٣.

١٢- د. محمد غنميى هلال، النقد الادبى الحديث، دار العودة، بيروت ط١،١٩٨٢.

١٣- د. محمد شين على الصغير، اصول البيان العربى، دار الشؤن الثقافة بغداد، ١٩٨٦.

***

## Abstract

**There is no doubt that eloquence plays a great role in beautifying and taste – giving to poetry . The poets felt this thots why they are interested in it and they frequently use it for this purpose .**

**Simile is regarded as the most frequently used and wide type of eloquence . Salim ( Abdul Rahman Bagy Sahebqiran ) , the knight of kurdish poetry , the heart – wounded poet , was very skillfull in this respect . He climbed the high mountain of eloquence and reached the pick .**

**This paper which is entitled " Simile in salim's poems is an attempt to indentify the types of simile that can be observed in**

**salim'spoems . Because he used almost all the types of simile , directly or indirectly , in an accurate and beautifully way in his poems .**

**The paper consists of the following section :**

**1- Introduction**
**2- Salim and Eloquence**
**3- Simile: Definition and sugnificance**
**4- Types of simile in salim' spoems**
**5- Salim's objectives in using simile**
**6- Conclusion**
**7- Notes and Refrence**

**We hope that this paper will be considered as a simple contribution to the kurdish liberary .**

## ملخص البحث

تعد البلاغة فنا من الفنون الكلامية الراقية ، والتي تزين وتنمي بها القول من الشعر والنثر ، لذا فقد اولى الشعراء بها اهتماما كبيرا لادراكهم بسمو مكانتها وتعاظم دورها في تحسين التعابير باختلاف اجزائه .

اذ يحتل فن التشبيه مساحة واسعة بين اجزاء هذا الفن ، فقد كان الشاعر الكردي المرهف الحس ، المكلوم القلب ((عبد الرحمن به كى ساحب قران (سالم) )) والذي يعد فارس الشعر الكردي ، يتمتع بقدرة فائقة في تناوله المقصود وغير المقصود للاساليب البلاغية المتنوعة ، حتى بلغ بها اعلى المراتب واسماها .

اذ يعد التشبيه دررا ساطقة في سماء اشعاره ؛الذي يومي في وروده الى الرقة الهفهافة والجمال الاخاذ.

فقد حاولنا جاهدين الوقوف على مناط التشبيه في اشعاره ، والاشارة الى اكثرها ، لذا توزعت خطوط البحث كالاتي :

١- المقدمة
٢- الشاعر (سالم ) والبلاغة
٣- تعريف التشبيه
٤- انماط التشبيه في اشعار (سالم )
٥- الغرض من تناول ( سالم ) للتشبيه
٦- النتائج
٧- الهوامش والمصادر

واخيرا نتمنى ان ينال ما قدمنناها الرضا ،وينال التوفيق والسداد خدمة للادب الكردي ، والله من وراء القصد .